# ڕاپەڕن

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٦

بەڕێوەبەری چاپو بڵاوکردنەوە: سیروان حەمەسەعید

**ناوی کتێب: ڕاپەڕن**

**ناوی نووسەر: ستێفان هێسێل**

**وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: فازڵ مەحمود - کاروان ئەحمەد**

**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**

**دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**زنجیرە: (    )**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٦**

**نرخ:           دینار**

**چاپ: چاپخانەی تاران**

**لەبەڕێوەبەرێتیگشتییکتێبخانەکان**
**ژمارەی سپاردنی (           )ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە**

Tel: 0533202936 07502216705
email: sirwansaeed80@yahoo.com

facebook: Jamal Erfan's Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

ستێفان هێسێل

# ڕاپەڕن

له فەرەنسییەوە:
فازڵ مەحمود
کاروان ئەحمەد

ناونیشانی سەرەکی:

Indignez-vous ! 2010
Stéphane Hessel

# ناوەڕۆک

## پێشەکی

فۆکۆ لە شوێنێکدا باس لەوە دەکات کە پاش شۆڕشی قوتابیان لە ٦٨ ئێمە تێگەیشتن کە چیتر خەڵکی پێویستی بە رۆشنبیر نییە بۆ ئەوەی وشیاری دەستکەوێت و رۆشنبیر ناتوانێت ئەو پێگە جیهانگرەی هەبێت کە پێشووتر بانگەشەی بۆ دەکرد واتە لە یەک کاتدا بتوانێت بەرامبەر بە بەها موتەعالییەکان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم بەهانایە پێشێل دەکەن لە هەر شوێنێکی دونیادا بکەوێتە ململانێیەوە! بەڵام پاش چاپکردنی ئەم کتێبە بچووکە ستێفان هێسێڵ بۆ یەکەمجار لە ٢٠١٠ و بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا و چاپکردنی چوار ملیۆن نوسخە لێی پێچەوانەی ئەم شتانەی خستە روو، چونکە ئەم کتێبە بە یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی جووڵاندنی شەقام و خەباتی مەدەنی دادەنرێت کە کاریگەری هەبووە لە ڕژانە سەرشەقامی گەنجەکان لە مەدرید و ئیسپانیا و هەروەها داگیرکردنی ڤاڵ ستریت لە ٢٠١١ دا و لە هەندێک وڵاتدا چاپی ئەم کتێبە قەدەغەکراوە بە تایبەت لە روسیا خودی ڤلادیمیر پوتین لە چاپکردنی ڕێگر بوو!

ستێفان هێسێل لە ساڵی ١٩١٧ لە بەرلین لە خێزانێکی جوولەکە لە دایک بوو و وەکوو خۆی دەڵێت ئەو تەنیا لە رووی مێژووییەوە پەیوەستە بە جوولەکەوە ئەگینا خاوەنی هیچ بیروباوەڕێک نییە و خۆی بە ئەتەئیست دەزانێت. لەگەڵ دایک و باوکی لە ساڵی ١٩٢٥ دێت بۆ فرەنسا و لە ساڵی ١٩٣٥ پاش ئەوەی دەبنە خاوەنی رەگەزنامەی فرەنسی دەستدەکات بە خوێندن لە "قوتابخانەی باڵای نۆرمال سوپەریۆ لە پاریس". پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤١دا فرەنسا لە لایەن ئەڵمانیاوە داگیر دەکرێت پەیوەندی دەکات بە جەبهەی دژە نازی و دەچێتە لەندەن. لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ بەشداریکردن لە خەباتی جەبهەی بەرگری دەگەڕێتەوە بۆ فرەنسا بەڵام دەستگیری دەکەن و دەینێرن بۆ کەمپی بوخنۆڤالد لە ئەڵمانیا. لەوێ دەتوانێت ڕابکات بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی بۆ فرەنسا دیسان دەیگرن، ئەمجارەیان لە کاتی گەڕاندنەوەی بۆ کەمپەکە خۆی لە شەمەندەفەرەکە فڕی دەداتە خوارەوەو و دەتوانێت خۆی رزگار بکات.

ژیانی ستێفان بەردەوام بریتی بووە لە خەبات دژ بە فاشیزم و داکۆکیکردن لە دادپەروەری. ئەو یەکێک بووە لەوانەی ڕەشنووسی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی نووسیووە. ستێفان کە هەمیشە خۆی وەکوو "چەپ" زانیووە و بە فەرمیش ئەندامی پارتی سۆسیالیستی فرەنسا بوو، بەردەوام لایەنگری لە مافی پەنابەران و بەشخوراوان کردووە و هەمیشە پەیامی ئەوە بووە کە دەبێت ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا خۆی لە چنگی نئۆلیبرالیسم و سەرمایەداری رزگار بکات، چونکە بەشێکی زۆری جیاوازی چینایەتی و خواردنی مافی کەسانی خانەنشین و پەراوێزخستنی ئەو هەموو مرۆڤەی قەراخ شارەکانی بە سیاسەتی سەرمایەداری و نەبوونی دادپەروەری زانیووە.

ئەم کتێبەی کە هەڵگری بیری ناتوندوتیژییە، بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دامەزراندنی جەبهەی بەرگری لە ساڵی ١٩٤٤ کە ئامانجی لەمە جارێکی تر وەبیرهێنانەوەی ئەو ئامانجانەیە کە جەبهەی بەرگری لە پێناویدا خەباتی دەکرد و وەکوو خۆی باسی دەکات ئامانجی ئێمە

بەرەنگاربوونـەوەی فاشـیزم و هێـزی سـەرمایەو پارەیـە و ئـەمڕۆ سـەرمایەداری زۆر لـە جـاران بەهێزترە و بۆیە خەباتی ئێمە بەردەوام دەبێت.

جەبهـەی بـەرگری لـە کـاتی دروسـتبوونی و بـۆ بەرەنگاربوونـەوە بەرامبـەر بـە نازییـەکان دەسـتی دایە خەباتی توندوتیژانە و چەکدارانە بەڵام ستێفان لەم مانیفێستەی خۆیدا زیاتر بانگەشـەی خـەباتێکی ئاشـتی خوازانـەو ناتونـدوتیژی دەکـات بـەڵام لـە هەمانکاتدا سەبارەت بە پەیامی کتێبەکەی دەڵێت:

*"ئەو بەرگرییەی کە باسی دەکەم ئەگەر ئاشتی خوازانەش بێت ئەوە بە تەواوەتی هەر بەتاڵ نییە لە توندوتیژی. دەسەڵاتی داگیرکەرانەی بریتانیا دەبوو بـــەرگری ناتوندتیژانـــەی گانـــدی وەکـــوو توندوتیژییـەکی سیاسـی ئـەزموون بکردایـە. هـەر بەرگرییـــەک لـــە هـــەناوی خۆیـــدا هـــەڵگری توندوتیژییەکی ئەخلاقییە، واتـە پێداگری لـە سـەر بـەرگری و کۆڵنـەدان و خۆبەدەستەوەنەدان. بـەڵام ئەمە بە تەواوەتی جیایە لـە توندوتیژی تیرۆریستی کـە هـیچ ئاکـامێکی نییـە، ئێمـە دەتـوانین لـەو تیرۆریستانە تێبگـەین کـە بۆمب دادەنێن و خۆیان لەگەڵ بۆمبەکەدا دەتەقێننـەوە بـەڵام نـاتوانین لێیان*

*خۆش بین، توندوتیژی ئاماژە نییە بۆ هەبوونی هیوا، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بێ هیوایی، هیوایەکی توندوتیژ هیچ پێگەیەکی لە سیاسەتدا نییە، توندوتیژی تیرۆریستی ئەو ئامانجانە ژەهراوی دەکات کە لە پێناویدا خەبات دەکات".*

لەم بیست ساڵەی دواییشدا تاوەکوو مردنی واتە لە ساڵی ٢٠١٣ دا هێسێل بەردەوام بەشدار بووە لە هەموو چالاکییە مەدەنییەکان دژ بە سەرمایەداری و لایەنگری لە هەژاران و پەنابەران لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکێک بووە لەوانەی بەردەوام دژایەتی سیاسەتی پارتە ڕاستڕەوەکانی فرەنسای کردووە و لە هەمانکاتدا پشتیوانییەکانی ئەو بووە هۆکاری ئەوەی کە کاندیدی پارتی سۆسیالیستی فرەنسا بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٢ واتە فرانسوا ئۆلاند ببێتە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە.

**هەولێر**

**ئابی ٢٠١٦**

٩٣ ساڵی. ڕەنگە ئەمە دوا قۆناغ بێت. کۆتایی زۆر دوور نییە. چانسێکی باشە گەر بتوانرێ سودی لێوەربگیردرێ بەمەبەستی وەبیر هێنانەوەی ئەوشتەی کە بووە بناغە بۆ کاری سیاسیم: ساڵانی بەرگری و ئەو پڕۆگرامەی کە شەست و شەش ساڵ پێش ئێستا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی بەرگرییەوە جێبەجێکرا! بۆ (ژان مولان)ە کە ئێمە دەبێت لایەنگری خۆمان، لە چوار چێوەی ئەو ئەنجومەنە، کۆبوونەوەی هەموو پێکهاتەکانی فەڕەنسای داگیرکراو، بزوتنەوەکان، پارتەکان، سەندیکاکان دووپات بکەینەوە بۆ فەرەنسا و بۆ تاکە سەرۆکەکەی کە لە لایەن فەرنساوە ناسێنراوە: (ژەنەراڵ دو گۆل). لەندەن ئەو شوێنە بوو کە تێیدا لە ئازاری ساڵی ١٩٤١دا پەیوەندیم بە جەنەراڵ دو گۆلەوە کرد، دواتر ئەوەم زانی کە ئەو ئەنجومەنە پرۆگرامێک دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ١٥ ئازاری ١٩٤٤دا ئەنجومەنەکە پڕۆگرامەکەی پەسەند کرد، کە بۆ فەرەنسای ئازاد کۆمەڵێک پڕەنسیپ و بەها پێشنیار کرا، کە بوون بە بناغەی دیموکراسی مۆدێرن بۆ وڵاتەکەمان.

لە ڕۆژگــاری ئێســتادا، زیــاتر لە جــاران، ئــێمە پێویستمان بەو پرەنسیپ و بەهایانە هەیە. ئەوە لە ســەر ئــێمەیە کە بە باشــی ئاگــاداری کۆمەڵگــای خۆمان بین بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگەیەکی نمونەیی کە هەموومان شانازی پێوە بکەین: نەک کۆمەڵگەی بێناســنامەکان، دەرکراوەکــان، بــەچاوی گومــان سەیرکردنی کۆچکردووەکان، نەک ئەم کۆمەڵگەیەی کە مــــافی خانەنشــــینکراوەکان و ئاسایشــــی کــــۆمەڵایەتی بخەینــــە ژێــــر پرســــیارەوە، نەک کــــۆمەڵگەیەک کە میــــدیاکانی لەژێــــر دەســــتی دەوڵەمەندەکانــــدا بێــــت، هەمــــوو ئەم شــــتانەمان ڕەتــدەکردەوە ئەگەر بهاتبــا خۆمــان بە میراتگــری ڕاستەقینەی ئەنجومەنی نیشتمانی بەرگری بزانیبا.

پاش ساڵی ١٩٤٥ و دوای درامایەکی ترسناک، هێزە دیارەکانی ئەنجوومەنی بەرگری لە دایکبوونی حەزی پلەو پایە لا دروست بوو. ئەوە وە بیـری خۆمــان بهێنیــنەوە، ئاسایشـــی کــۆمەڵایەتی بەو شــێوەیە دروســتکرا کە ئەنجــومەنی بەرگــری ئارەزووی لێبوو، هەروەها بەو شێوەیەش بوو کە پڕۆگرامەکەیــان مەرجــی بۆدانــابوو: «پلانێکــی ســەرتاپایی ئاسایشــی کــۆمەڵایەتی بە مەبەســتی

دڵنیاکردنەوەی هەموو هاوڵاتیان لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان لە هەر بارێکدا کە نەتوانن بە کارکردن دابینی بکەن››. ((خانەنشینکردنی کرێکارە بەساڵاچووەکان بۆ ئەوەی بەو پەڕی ڕێزەوە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیان بەڕێبکەن)). سەرچاوەکان و وزە، کارەبا و گاز، کاربۆن، بانکە گەورەکان بە نیشتمانی بکرێن. ئەمە ئەو شتەیەکە پرۆگرامەکە پێشنیاری دەکات، ((گەڕانەوە بەرەو بەنیشتمانیکردنی هەموو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی مۆنۆپۆل کراو، بەرهەمی کاری گشتی، سەرچاوەکانی وزە، سامانی سروشتی، کۆمپانیاکانی دڵنیایی و بانکە گەورەکان)): ((بنیاتنانی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە جێگا بە سیستەمی فیۆدالی ئابووری و دارایی لەق بکات)). دەبێت بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی تاکەوە بێت، هەروەها ئەولەویەتی دابەشکردنی ئەو سامانەی کە ڕێگای کارەوە وە دەست هاتووە لە بەرانبەر دەسەڵاتی پارەدا بێت. ئەنجومەنی بەرگری پێشنیاری: ((ڕێکخراوێکی عەقڵانی ئابووری کە تێیدا دڵنیایی بدات لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییە تاکەکان لە

نێو بەرژەوەندییە گشتییەکاندا و دوورکەوتنەوە لەو دیکتـــاتۆریە پرۆفیشـــناڵییەی کە لەژێـــر ڕۆشـــنایی دەوڵەتە فاشیســــــتەکاندا درووســــــت بــــووە)) و حکومەتی کاتی کۆماری دەبێتە نێوەندگیر.

دیموکراســــییەکی راســــتەقینە پێویســــتی بە میـدیایەکی ئـازاد هەیە: ئەنجـومەنی بەرگـری ئەوە دەزانێـــت و داوای ئەوەش دەکـــات کە بەرگـــری بکرێـــت لە (( ئـــازادی ڕادەربـــڕین و کەرامەت و سـەربەخۆییەکەی لە بەرانـبەر دەوڵەت و دەسـەڵاتی پارە و کاریگەرییە دەرەکییەکـان.)) ئەمە ئەو شـتەیە کە هەر لە ســاڵی ١٩٤٤ وە خــاوەن دەســەڵاتەکان دەیانەوێت بیگۆڕن، لە ڕۆژگـاری ئێستەشدا ئەمە لە مەترسیدایە.

ئەنجـــومەنی بەرگـــری بانگەشـــەی دەکـــرد بۆ((دەرفەت رەخسـان بۆهەمـوو منداڵانی فەرەنسـی بـــۆ ئەوەی ســـــودمەندبن لە سیســــــتەمێکی پەروەردەیـــی پێشـــکەوتوو)) بەبـــێ جیـــاوازی، لە کاتێکـدا کە ڕیفـۆرمە پێشـنیارکراوەکانی ٢٠٠٨ دژ بـە ئەو پـڕۆژەیەن. ئەو مامۆسـتا گەنجانەی کە مـن پشـــــتگیری هەوڵەکانیـــــان دەکەم، دەیانویســــــت جێبەجێکردنـی ڕیفۆرمەکـان رەتـبکەنەوە چـونکە بە

نـاوی سـزادانەوە موچەکانیـان بڕدرابـوو. ئـەوان بەرانــبەر ئەو ڕیفۆرمــانەی کە زۆر دووربــوو لە ئایــدیای  قوتابخــانەی کۆمــاری، توڕەبــوون و سەرپێچییانکرد و حوکمیان لەسەر ئەمانەدا چونکە زیاتر خزمەتیان بە کۆمەڵگایەک دەکرد کە لەسـەر پــارە بنیــات نرابێــت وەک لەوەی لەســە بنەمــای داهێنان وڕەخنە بێت.

ئەوە بنــاغەی ســـەروەرییە کۆمەڵایەتیەکــانی ئەنجومەنی بەرگرییە کە لە ئەمڕۆدا کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە.

**بزوێنەری ئەنجومەنی بەرگری،**
**بریتییە لە تورەبوون**

دەوێرن ئەوەمان پێ بڵێن کە دەوڵەت ئیتر ناتوانێت هەموو قورساییەکانی دانیشتوان بخاتە ئەستۆی خۆی. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چۆن دەکرێت بەرگەی کەمی پارە بگرێت بۆ پتەوکردن و درێژەپێدانی بەو سەروەرییەیانە لە کاتێکدا لە پاش سەردەمی ئازادیی بەرهەمهێنانی سامانەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەهەڵکشاندایە، ئەویش سەردەمێک کە ئەوروپا تێیدا وێران ببوو؟ وەگەر نا لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی پارە، کە ئەنجومەنی بەرگریی ڕووبەڕوی بوویەوە، هەرگیز بەوشێوە گەورەیە لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی تاوەکو مەودا بەرزەکانی دەوڵەت، بێبەزەییانە و خۆبەزلزانانە نەبووە. ئەو بانکانەی کە خراونەتە دەستی کەرتی تایبەت، لە سەرەتاوە خۆیان نیگەران نیشاندەدا سەبارەت بە سودەکانیان و موچەبەرزەکانی بەڕێوەبەرەکانیان، لەبری ئەوەی لەسەر بەرژەوەندی گشتی نیگەران بن. مەودای نێوان هەرە فەقیر و هەرە دەوڵەمەندەکان هەرگیز بەم شێوەیە گرنگ نەبووە: هەڵپەکردن بۆ پارە، کێبڕکێکردن ببوونە هۆی هاندان.

بزوێنەری بنەڕەتی ئەنجومەنی بەرگری بریتیی بوو لە ڕاپەڕین. ئێمە وەک بەئەزموونترین

ئەنــــدامانی بـــزوتنەوەی بەرگـــری و  هێزەکـــانی پارێزگـــاری فەرەنســـای ئـــازاد، بانگهێشـــتی نەوە نوێیەکـــان دەکـــەین تـــاوەکوو میراتـــی ئەنجـــومەنی بەرگـری و ئایـدیاکانیان بـە زینـدوویی بهێڵنـەوەو بیگوازنـــەوە. پێیـــان دەڵێـــین: تێبکۆشـــن، راپەڕن! بەرپرسـە سیاسـی و ئـابووری و ڕۆشـنبیرەکان و هەمـــوو کـــۆمەڵگە نابێـــت دەستلەکاربکێشـــنەوە و بکەونە ژێرکـاریگەری دیکتـاتۆرییەتی نێو دەوڵەتـی بـــازاڕە داراییەکـــان کە هەڕەشـــەن بـــۆ ئاشـــتی و دیموکراسی.

هیـــوای هەبـــوونی بـــزوێنەری ڕاپەڕیـــن بـــۆ هەمووتـــان دەخـــوازم. ئەمە زۆر بە بەهـــایە کاتێـــک شـــتێک واتـــان لێـــدەکات ڕاپەڕن وەک ئەوەی چـــۆن نازیسـم وای لە منیشکرد کە ڕاپەڕم و تووڕە بم، بۆیە دەبینە سـەرباز، بەهێز و دلێر. پەیوەنـدی بەم ڕەوتە مێـــژووییەوە دەکەیـــن و ئەو ڕەوتە گەورە مێژووییە دەبێت لە لایەن هەر یەکێکمانەوە بەرگری لە مـانەوەی بکرێـت. ئەم ڕەوتە بەرەو دادپەروەری زیـــاتر و ئـــازادی دەڕوات، نەک ئەو ئـــازادییە کۆنترۆڵنەکراوەی ڕێوییەکان لە ناو کونەکانیان. ئەو مافـانە گەردوونـین کە لە جارنـامەی گەردوونـی ساڵی ١٩٤٨دا  بڕیاریان لەسـەردرا. ئەگەر کەسێک هەبـوو ک بەهرەمەندنـەبووبێت لـەم مافانـە ئەوا سـکاڵای بـۆ بـکەن و یـارمەتی بـدەن بـۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنێت.

## دوو ڕوانگەی مێژوویی

کاتێک دەمەوێت لەوە تێبگەم کە چ شتێک بووە هۆی سەرهەڵدانی فاشیسم، چی وایکرد کە لە لایەن فاشیسم و ڤیشییەوە داگیربکرێین، بەخۆم دەڵێم کە سەرمایەدارەکان بە لەخۆ ڕازیبونیانەوە لە شۆڕشی بەلشەفیکی ترسابوون. ڕێگایان بە خۆیان دابوو کە ئەو ترسە ڕێنوێنییان بکات. بەڵام ئەمڕۆش وەکوو ئەوکات ئەگەر بەهەمانشێوە کەمینەیەکی چالاک هەڵبسنەوە ئەوا هەوێنەکەمان دەبێت بۆ ئەوەی هەویرەکەی پێ هەڵبێت. بەدڵنیاییەوە ئەزمونی پیرێکی وەکو منی لەدایکبووی ساڵی ١٩١٧ جیاوازترە لە ئەزمونی گەنجانی ئەمڕۆ. زۆرجار داوا لە مامۆستایانی ناوەندییەکان دەکەم سەبارەت بە مومکینیەتی تێکەڵبوون لەگەڵ قوتابییەکانیان و پێیان دەڵێم: هۆکارەکانی ئێوە بۆ ئەکت و خستنە مەیدان زۆر روون نییە. سەردەمی ئێمە بەرگریکردن بریتیبوو لە قبوڵنەکردنی داگیرکاری ئەڵمانیا و هەڵوەشاندنەوەی. تاڕادەیەک سادەبوو. سادە وەکو ئەوەی کە دواتر ڕوویدا کە ئەویش نەمانی کۆلۆنیزاسیۆن بوو. پاشان شەڕی جەزائیر. دەبوو

جەزائیر سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەمە ڕوون بوو. سەبارەت بە ستالینیش، ئێمە لە ساڵی ١٩٤٣دا چەپڵەمان بۆ سوپای سور لێدەدا کە دژی نازی بوو. بەڵام کاتێک ئاگاداربووین لە پرۆسە گەورەکانی ستالینی لە ساڵی ١٩٣٥ دا دەبوو چاوێکمان لەسەر کۆمونیسم بوایە بۆ ڕاگرتنی باڵانس بەرانبەر بە کاپیتالیسمی ئەمریکی، پێویستی ڕوبەڕووبوونەوە بەرانبەر بەم فۆڕمە خراپەی تۆتالیتاریسم وەک راستییەک سەپێنرابوو. تەمەن درێژیم هۆکاری سەرکەوتنی پێبەخشیم بۆ ئەوەی ڕاپەڕم.

ئەم هۆکارانەش لە ئارەزووی بڕیاردانەوە لەدایک بوون و لەوەی لە هەستێکەوە بووبێت. من کە گەنجێکی نۆرمالی (قوتابخانەی باڵای نۆرمالی پاریس) بووم کە کاریگەری سارتەری لە سەر زۆر بوو، ***هێڵنج***، **دیوار**، نەک ***بوون و نەبوون*** ئەمانە هەموویان گرنگ بوون بۆ بنیاتنانی بیرکردنەوەی من. سارتەر فێری کردین کە بەخۆمان بڵێین: ((ئێوە وەکو تاک (فرد) بەرپرسیاریتان لەسەرە)) ئەمە پەیامێکی ئازادیخوازانەبوو. *بەرپرسیارییەتی مرۆڤ*، کە ناتوانیت نە بە دەسەڵات نە بە خودایەک بیسپێریت. بەپێچەوانەوە دەبێت لەژێر ناوی

بەرپرســــيارييەتی کەســــايەتی هيومــــانييەوە ـ مرۆييـەوەـ کاربکرێت. کاتێک لە پـاريس لە سـاڵی ١٩٣٩دا چوومە قوتابخانەی نۆرماڵ لە لە شـەقامی Ulm، وەکو شـاگردێکی شـەيدای فەلسـەفەی هيگڵ ڕۆيشتم، بەشداريم لە سيمينارەکانی مۆريس مێرلۆ پۆنتی (Maurice Merleau Ponty)دا دەکرد. وانەکــانی بريتيبــوو لە گەڕان بە دوای ئەزمــوونی کۆنکرێتی جەسـتەو پەيوەنـدييەکانی لەگەڵ هەسـت، تــــاکێتييەکی(فرد)گەورە بەرانـــــبەر بە کــــۆيەتی (جمعيە)ی هەستەکان. بەڵام گەشبينی سروشتی من کە دەيەوێــت هەرشــتێک کە ئــارەزووی دەکەيــت مــومکين بێــت، بەرەو هيگــڵ دەيبــردم. هيگليســم مێــژووی درێــژی مرۆڤــايەتی وا لێکــدەداتەوە کــە ماناکــەی ئەمەيــە: ئــازادی مــرۆڤ قۆنــاغ بەقۆنــاغ گەشەدەســــێنێت. مێــــژوو لە هەنــــدێک شــــۆکی بەردەوامەوە دروســــــت بــــــووە، ئەويــــــش بە لەبەرچـاوگرتنی شکسـتەکان. مێژووی کۆمەڵگەکـان گەشـەدەسێنێت، لە کۆتايدا کاتێک مرۆڤ بە ئازادی تەواو دەگــات ئەوا ئـێمە دەوڵەتێکـی ديموکراتيمــان دەبێت لەناو فۆڕمە ئايدياليیەکەيدا.

بێگومــان چەمکێکــی تــری مێژوويــی هەيە. ئەو پێشــــکەوتنانەی کە ئــــازادی، کێبڕکــــێ، ڕاکــــردن

(هەمیشــە و زیــاتر) بەدیهێنــاون کە لەوانەیە ببــنە زریـانێکی کاولکار. ئەمە بە هەمانشـێوە لە مێژووی یەکێــک لە هاوڕێکــانی باوکمــدا وەدەردەکەوێــت، پیاوێـک کە لەگەڵ ئەودا وەرگێڕانــی (گەڕان بەدوای زەمەنــی لەدەســتچوودا)ی مارســێل پروســتیان بــۆ ئەڵمـانی لە ئەســتۆگرتبوو. ئەویـش ڤـاڵتەر بنیـامین بــوو. توانیبــووی پەیــامێکی ڕەشــبینانە لە یەکێـک لەتابلۆکانی نیگارکێشی سویسری پۆل کلیَ بەناوی (ئەنجیلـوس نـۆڤیس) وەربگرێـت، لە نـاو تـابلۆکەدا ڕوخســـاری فریشـــتەکە باڵەکــانی دەکــاتەوە وەک ئەوەی بیەوێـــت تۆفانێـــک بگـــرێتە خـــۆی و بیرەوێنێتەوە کە نیگارکێش لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتر ئەمە دیــاری دەکــات. بــۆ ڤــاڵتەر بنیــامین کە لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٠ دا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنـا کە ئەویش لـە پێنـاو هەڵهاتندا بـوو لە دەسـتی نازیســـم، چەمــک و واتــای مێــژوو بــریتییە لە خۆڕانەگری لە بەرانبەر کارەساتێک بۆ کارەساتێکی تر.

## گوێنەدان و ئیهمالی: خراپترینی ڕەفتارەکان

ڕاستە، هۆکارەکانی توڕەبوون لە ئەمڕۆدا بە ڕوونی دەرناکەون یاخود لەوانەیە جیهان زۆر ئالۆز بێت. کێ فەرمان دەدا، کێ بڕیاردەدات؟ هەرگیز لێکجیاکردنەوەی هەموو ئەو ڕەوتانەی کە حوکممان دەکەن ئاسان نەبووە. ئیتر ئیشی ئێمە لەگەڵ ئەو نوخبە بچوکە نییە کە زۆر بە ڕوونی لە فێڵ و تەڵەکانیان تێدەگەین. بەڵکو ئیشی ئێمە لەگەڵ ئەو جیهانە گەورەدایە کە تێیدا هەستدەکەین کە هەمووومان پەیوەستین پێکەوە. ئێمە لە نێو جۆرە پەیوەستبوونێکدا دەژین کە پێشتر هەرگیز بوونی نەبووە. بەڵام لەم جیهاندا هەندێک شت هەیە کە ناتوانین بەرگەیان بگرین. بۆ بینینی ئەمەش دەبێت بە باشی بڕوانین و بگەڕێین. بە گەنجەکان دەڵێم: هەندێک بگەڕێن، دەیدۆزنەوە. خراپترین ڕەفتارەکان پشتگوێخستن و ئیهمالییە، وتنی ((هیچم لەدەستنایە، خۆم هەوڵدەدەم)). بە رەفتارێکی بەمشێوەیە، یەکێک لەو پێکهێنەرە سەرەکییانەی کە مرۆڤایەتی دروست دەکەن لەدەست دەدەن، ئەویش: توانای توڕەبوون و پەیمانێک کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

**دەتوانین دوو  نارەزایی تری گەورەی بناسێنین:**

١-ترســـناکترین نـــادادپەروەری کە تووشـــی بەشـێکی هەرەگەورەی مرۆڤـایەتی بـووە، بەتاڵـە لە بەها بنەڕەتییەکان بۆ ژیانێکی شایستە، نەک تەنها لە نـاوچە دوورەکـانی ئەم جیهـانە وەک ئەفریقـا، ئاســـیا، هـــایتی، بەڵکـــو زۆر نزیکتـــر، ئەویـــش دەوروبەری شـــارە گەورەکانمـــان کە تێیانـــدا دوورەپەرێـــزی و هەژاری دەبـــنە خـــۆراکی ڕق و شـــۆرش. جیـــاوازی نێـــوان هەرە فەقیـــر و هەرە دەوڵەمەنـــدەکان-داهێنـــانێکی ســـەدەی بیســـتو بیســـتویەک- کە بەردەوام لە هەڵکشـــاندایە، بە ئەنـدازەیەکە کە  ناتوانرێـت قبـوڵبکرێـت، دەبینـین لەرۆژگـــاری ئەمـــڕۆدا هەژار و دەوڵەمەنـــدەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری هەیە، یەکتری دەناسن، هەمـان ئەو ڕیکـلامە دەبیـنن کە بـۆ هەمـوو جـۆرە شـت و مەک و  لەزەت و شـادییەک دەکرێـت،  کە ئەوانەی یەکەم ( هەژارەکـان) نـاتوانن بەدەسـتی بهێـــنن و ئەوانەی دووەم (دەوڵەمەنـــدەکان) وەک بەشـێکی سروشـتی ژیـانی خۆیـان لێیـان دەڕوانـن. کاتێـک تەمەنـم بیسـت سـاڵان بـوو، دەمـانزانی کە هێنـری فـۆرد- داهێـنەری پیشەسـازی ئۆتـۆمبێلی ئەمریکی- پلەبەندییەکی شیاوی موچەی بنیاتنابوو

کە لە ١ دەستی پێدەکرد تاوەکو ٢٠. ئەمڕۆ لە ١ دەست پێدەکات تاوەکو ٥٠٠ و جیاوازییەکە بەردەوام لە زیادبووندایە. ئەمە شکستێکە کە دەبێ بەرزی بکەینەوە ئەویش بە نارەزایی دەربڕین و بەرخودانمان.

٢-پێشێلکاری ئازادییەکان و مافە بنەڕەتییەکان.

تەمەنم بیست و چوار ساڵ بوو کاتێک فرانکلین دولانۆ ڕۆزڤێلت، سەرۆکی بەهێزترین نەتەوەی سەر زەوی، کە بەشداریکردن لە سەرکەوتنی جەگی جیهانی یەکەم لە لایەن دیموکراتخوازکانەوە یەکلایکەرەوە بوو و بەهۆی (New Deal) سەرکەوتوو بو لە گەشانەوەی ئابووری وڵات. لە ٦ ژانیوەری ساڵی ١٩٤١دا چوار ئازادییەکەی ئەتلەنتیکی ڕاگەیاند: ئازادی باوەڕ، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی لەژێر سایەی ترس و ئازادی لەژێر سایەی پێویستی، رۆزڤێلت دەیووت ((ئەمانە لە هەوا، خۆر و نان و خوێ زیاتر پێویستن بۆ مرۆڤایەتی)). لەسەر ئەو بنەما مۆراڵ و ئێتیکی و سیاسییە پاش چەند مانگێک چووە نێو جەنگێک دژی ئەڵمانیای نازی. چوار ئازادییەکەی ئەتلەنتیک بووە هۆی بنیاتنانی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ٢٤ ژوەنی ١٩٤٥دا لە

سانفرانسیسکۆ پەسەندکرا، ئەویش بەرواری یاسایی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو. بۆ یەکەمجار لە مێژووی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، دامەزراوەیەکی ئاوا کە تازە لەدایک ببوو، بووە هۆکاری گەڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤ کە ئەمەش دەسپێشخەریبوو لەچاوی هەموو پرۆگرامەکانی تر. لەژێر ڕۆشنایی ئەمە، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، چاودێریکردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە چوار ئازادییەکەی ئەتلەنتیک بوون بە هەوێنی سپارد بە کۆمیسیۆنێک کە لە دوانزە یاساناس پێکهاتبوو لەژێر سەرۆکایەتی ئێلیانۆر ڕوزڤێلتی ژنی سەرۆکی ئەمریکا کە لە ١٢ ئەپریل ١٩٤٥ کۆچی دوایی کرد. ئەم کارەش لە ١٩٤٥ تاوەکو ١٩٤٨ ی خایاند، لەماوەی ئەم سێ ساڵە یەکلاکەرەوەدا بوو کە یەکپارچەیی نەتەوە براوەکان بە شێوەیەکی چالاک کاری دەکرد.

چانسی ئەوەم هەبوو کە پاش ئازادی بەشداربم لە داڕشتنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە لە ١٠ دیسەمبەری ١٩٤٨ لە پاریس لە کۆشکی شاییۆ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. من لە ژێر ناونیشانی سەرۆکی

کابینەی (هێنری لۆژیە) سکرتێری گشتی بریکاری ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــان و ســکرتێری کۆمیسـیۆنی مافەکـانی مـرۆڤ لەگەڵ ئەوانـی تـردا بەشــداریمکرد لە داڕشــتنەوەی ئەم جاڕنــامەیەدا. نابێـت ڕۆڵــی ســەرەکی و یەکـلاکەرەوەی ئێلانـۆر ڕۆزڤێلـــــت لە بیـــــربکەم، باشــــێتی و توانــــا سروشتییەکەی پەرجوویەک بوو بۆ ئاشتەوایی و لێکتێگەیشتن لە نێوان کەسایەتییە جیاوازەکانی ناو کۆمیسـیۆنەکە. ئەمە جـوڵەیەکی فێمینیسـتانە بـوو هەروەهــــا بەهــــۆی ئەمەوە بــــۆ یەکەمجـــــار، لەچوارچێوەیەکی ئـاوا گشـتیدا، یەکسانی لە نێـوان پیـاو و ژن بەڕوونــی لەنــاو تێکســتێکی ڕەســمیدا نووســرا. لە مــاددەی ٢ی جاڕنــامەکەدا بەڕوونــی جەخـت لەمە دەکـاتەوە. (ڕێنـی کاسـان) ئەنـدامی کۆمیسیۆنی نیشتیمانی بۆ دادوەری و بۆ پەروەردە لە حکومەتی فەرەنسای ئازاد، لە لەندەن لە سـاڵی ١٩٤١دا کــە خەڵاتــی نــۆبڵی بـۆ ئاشــتی لە ســاڵی ١٩٦٨دا وەرگـرت، ڕۆڵێکـی بـەرچاوی هەبـوو، هەر وەک (پییـەر مەنـدێس فـرانس)، لە نـاو ئەنجـومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە تێیدا ئەو تێکستانەی کە ئامادەمــــانکردبوو، جێبەجێکــــران پــــێش ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ سێیەمین کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی

گشتی کە بەرپرس بوو لە کاروبارە کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی و کولتوورییەکان. لەوکاتەدا ئەنجوومەنەکە پێکهاتبوو لە پەنجاو چوار دەوڵەتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە من سکرتێر بووم. بۆ رێنێ کاسان کە دەبێ تێرمی مافەکانی ((گەردوونی) نەک ((نێو نەتەوەیی)) بەکاربێنین وەکچۆن هاورێ ئەنگلۆ-سەکسۆنەکانمان پێشنیاریان کردبوو. لێرەدایە کە بابەتی چوونە دەرەوە لە جەنگی جیهانی دووەم دێتە پێشەوە: ڕەهابوون لەو هەڕەشانەی کە تۆتالیتاریسم خستبوویە سەرشانی مرۆڤایەتی. بۆ ڕزگاربوون لەمانەش دەبێت دەوڵەتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاربکەن بۆ رێزگرتن لەم مافە گەردونیانە. ئەمەش ریگایەکە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو ئارگیۆمێنتە قەڵەمڕەوییەیە کە دەوڵەتێک دەتوانێت برەوی پێبدات لەکاتێکدا کە لەسەر خاکەکەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت. هاوشێوەی (هیتلەر) کە خۆی وەک سەرکردە وێنا دەکرد و خۆی بە رێگەپێدراو نیشاندا بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدێک. ئەم جاڕنامەی گەردوونییە دەبێ پاڵەپەستۆیەکی جیهانی دروستبکا لەسەر نازیسم، فاشیسم، تۆتالیتاریسم

و بەرانبەر بەخۆشمان ئەویش لەسەر تیڕوانینی **بەرەنگاری**. پیموابوو دەبێ ئەمە زوو ئەنجامبدریت، بەو دووڕوویە فریو نەخۆین کە لەلایەن براوەکانەوە بڵاوکرابوویەوە بەو بەهایانەی کە هیچ لایەک ئاگاداری نەبوو بەلام هەولماندەدا بەسەریاندا بیسەپێنین.

بەرگەی ئەو حەزەناگرم بێتوو ئاماژە بۆ مادەی ١٥ ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ نەکەم: ((هەر تاکێک مافی هەبوونی ڕەگەزنامەی هەیە))؛ مادەی ٢٢: ((هەر کەسێک، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا، مافی ئاسایشی کۆمەلایەتی هەیە؛ ئەمەش بنیاتنراوە لەسەر بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییە ئابووریی و کۆمەلایەتی و کولتوورییە پێویستەکان بۆ کەرامەت و گەشەسەندنی کەسایەتی، ئەمیش لەڕێگای هەوڵە نەتەوەیی و هاریکارییە نێو دەوڵەتییەکان، لەسەر حسابی ڕێکخراوەکەو سەرچاوەکانی هەردەوڵەتێک)) ئەگەر ئەم جاڕنامەیە هێزی ڕاگەیاندنی هەبێت نەک هێزی یاسایی، ئەوا لە ساڵی ١٩٤٨وە کەمتر ڕۆلێکی بەهێزی دەبینی؛ هەندێک گەلی کۆلۆنیلکراومان بینی کە توانیان لە ژێر سایەیدا سەربەخۆیی خۆیان

وەربگرنەوە؛ بووە هۆی چاندنی بیری بەرخودان بۆ ئازادی.

بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە تێبینی ئەوە دەکەم کە بە درێژی ئەم چەند دەیەی کۆتایی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە زیادبووندان وەک (Attac) (یەکێتی باجدانی مامەڵە داراییەکان)، (FIDH) (فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ)، ئەمنیستی...کە زۆر کاریگەر و خاوەن ئەدان. ئەوە ڕوونە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ ئەوەی کارەکان سودبەخش و کاریگەر بن دەبێت بە کۆمەڵ کاربکرێت و سوود لە هەموو ڕێگا مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن وەربگیرێت.

بە گەنجەکان دەڵێم: لە چواردەوری خۆتان بڕوانن، ئەو هۆکارانە دەدۆزنەوە کە ڕەوایەتی دەدا بە توڕەبوونەکەتان-ڕەفتارەکان بەرانبەر بە کۆچەرەکان، بەرانبەر بە بێ ناسنامەکان، بەرانبەر بە ڕۆمەکان. هەندێک بارودۆخی پەیوەندی دروستکەر دەدۆزنەوە کە واتان لێدەکات هەڵوێستێکی بەهێزی هاوڵاتیانەتان هەبێت. بگەڕێن، دەیدۆزنەوە!

### تووڕەبوونم سەبارەت بە فەلەستین

ئەمڕۆ، تووڕەبوونی سەرەکیم دەربارەی کەرتی فەلەستین، کەرتی ڕۆژئاوای ئەردەنە. سەرچاوەی تووڕەبوونم ئەو بانگەشەیە کە ئیسرائیلییە بەجەرگەکان دەیکەن بۆ دیاسپۆرا: ئێوە، گەورەکانی ئێمە، وەرن ببینن کە سەرکردەکانمان ئەم وڵاتەیان بە چ عاقارێک گەیاندووە، ئەویش بە لەبیرکردنی بەها بنەڕەتییە مرۆڤایەتییەکانی جولەکە. خۆم سەردانی ئەوێم کرد لە ساڵی ٢٠٠٢ پاشانیش تاوەکو ٢٠٠٩ پێنج جاریتر سەردانم کرد. پێویستە ڕاپۆرتەکەی (ریچارد گۆڵدستۆن) ٢٠٠٩ کە لەسەر غەزەیە بخوێنرێتەوە، کە تێیدا ئەم دادوەرە باشوری-ئەفریقی جولەکەیە، کە بەخۆی دەڵێت زایۆنی، سوپای ئیسرائیل تۆمەتبار دەکات بە ئەنجامدانی (( کردەی هاوشێوەی تاوانی جەنگی و لە هەندێک باریشدا، تاوانباری دەکات بە ئەنجامدانی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی)) لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپراسۆنەکەیەندا بە ناونیشانی **((قوڕقوشمی سەخت))** (plomb durci) کە ماوەی سێ هەفتەی خایاند. ناتوانین ئەو پەشیمانیانەی کە لە ساڵی ٢٠١١دا دەریبڕی بەرانبەر بە هەڵسەنگاندنی ترسناکی هێرشی ئیسرائیلییەکان بە

جیـدی وەربگـرین. لە سـاڵی ٢٠٠٩دا بە ئامـانجی بـەدواداچوونێکی نزیـک بـۆ ئەو شـتانەی کە ڕاپـۆرتەکە خسـتبوویە ڕوو، لەگەڵ کریسـتیانی خێـزانم گەڕایـنەوە بـۆ غەزە، کە بەهـۆی بـوونی پاسپۆرتی دیپلۆماتییەوە توانیمان بچینە ئەوێ. ئەو کەسانەی کە هاوەڵییان کردین، ڕێگا پێنەدراوبوون بـۆ ئەوەی کە بێـنە نێـو کەرتـی غەزە و کەرتـی ڕۆژئاواش. بارودۆخەکە هەمان ئەو بارودۆخەبوو کە لە ڕاپـۆرتەکەی گۆڵدسـتۆن ئامـاژەی پێکرابـوو. سەردانی کەمپی ئاوارە فەلەستینییەکانمان کرد کە لە سـاڵی ١٩٤٨ دا لە لایەن ئاژانسـی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە(UNRWA) بنیاتنرابوو، کە تێیدا زیـاتر لە سـێ ملیـۆن فەلەسـتینی (نەوەکـانی ئەو حەوت سـەدو پەنجـا هەزار کەسـەی کە بەدرێژایـی ئەو پەنجاسـاڵەی دوایـی لە لایەن ئیسـرائیلەوە لە خاکی خۆیان دەرکرابوون، سـەرەتا لە ساڵی ١٩٤٩ پاشـان لە سـاڵی ١٩٦٨دا چـاوەڕوانی زیـاتربوونی قەیرانەکـان دەکەن. غەززە زینـدانییەکە وەک زیندانییەکی ئاوەڵاش بۆ ملیۆن و نیویک فەلەستینی دەمێنێتەوە. زینـدانییەک کە تێیـدا هەوڵـدەدەن بـو ئەوەی بەردەوامی بە ژیانیان بدەن. زۆربەی زیـانە ماددییەکـانی وەک نەخۆشـخانەی خـاچی سـور لە

لایەن (قورقوشـــمی ســـەخت)، ئەمە رەفتـــاری غەززەییەکانە، نیشتمانپەروەرییان، خۆشەویستیان بـــۆ دەریـــا و کەنارەکـــانی، خۆڕاگرییـــان بـــۆ بەختەوەرکردنی منداڵە دەم بەخەندەو زۆرەکانیان کە دەبـــنە مـــایەی ئـــازار بـــۆ یادگـــەمـــان. توشـــی سەرسوڕمان بووین کاتێک ئەو شێوازە کارامەییەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەموو ئەو قاتوقوڕییەمان بینی کە بەسەریاندا سەپاوە. دەمانبینی کە خشتیان لە چیمەنتۆی خراپ دروست دەکرد بۆ دووبارە دروســـتکردنەوەی ئەو هەزاران خـــانووەی کە لە لایەن دەبابەکـــانەوە کـــاولکرابوون. ئەوەیـــان بـــۆ پشتڕاســـتکردینەوە کە هەزارو چوارســـەد کەس مـــردوون-ژن، منـــداڵ، پیـــر لەنـــاو کـــەمـــپە فەلەستینییەکەدا هەبوو- بە درێژایی ئۆپراسیۆنەکە ( **قورقوشـــمی ســـەخت**) کە لەلایەن ســـوپای ئیسرائیلەوە ئەنجامدرابوو، کە تێیدا تەنها پەنجا ئیسرائیلی بریندار ببوون. مـن هـاوڕام لـەگـەڵ ئـــەنجامی لێکۆڵینەوەکـــەی دادوەرە باشـــور-ئەفریقییەکە و بڵاوی دەکەمەوە. ناکرێت بەرگەی ئەوە بگیرێت کە جولەکەکان خۆیان بۆ تاوانی جەنگـــی ئامادەســـازی بکـــەن. بەداخەوە، مێـــژوو نمونەی کەمـــی ئەو خەڵکانە دەخاتەبەردەست کە

وانه له مێـژووەکەی خۆیـان وەردەگـرن. سـەرۆک ئۆبامـا، له وتارەکەیـدا له قـاهیره له جـۆنی ٢٠٠٩دا هیوایـەکی گـەورەی بـەدیهێنـا، بەڵام ڕەفتـارەکەی دواتـری، سـەبارەت بەم کێشـەیه زۆر بێئومێـدی کردین.

دەزانـم، حەمـاس، که سـەرکەوتنی له هەڵبـژاردنه دەسـتورییەکانی ئەم دوایـیەدا بەدەسـتهێنابوو نەیتوانی نکوڵی لەوه بکات که ڕۆکێتیان ئاراستەی شـارە ئیسـرائیلییەکان کـردووه ئەویـش وەک وەڵامێـک بـوو بـۆ ئەو بـارودۆخه دورەپەرێـزی و ئـابلۆقەیەی که غەززەییەکـانی تێـدایه. به تەواوەتـی پـێموایه که تیرۆریسـم جێگـای قبـوڵ نیـیه بەڵام دەبێـت ئەوه بزانرێـت که کاتێـک لەڕێگـای بەکارهێنـانی شـێوازی پێشـکەوتووی سـەربازییەوه داگیـر دەکرێیـت ئەوا پەرچەکـرداری جەمـاوەری تەنها **نا- بۆتوندوتیژی** نابێت.

ئایـا ئاراسـتەکردنی ڕۆکێـت بۆسـەر شـاری سدێرۆت سوودی هەیه؟ وەڵامەکه نەخێره. خزمەت به دۆزەکه ناکـات، بەڵام دەتـوانین ئەو کـرداره به توڕەبوونی غەزەییەکان شیبکەینەوه. لەنێو بژاردەی توڕەبووونـدا، دەبێـت له تونـدوتیژی وەک ئاکـامێکی پەشـیمانی بـارودۆخه قبوڵنەکراوەکـان بـۆ ئەوانەی

کە بەرگەیـان دەگـرن، تێـبگەین. کەواتە دەتـوانین بە خۆمان بڵێین کە تیرۆریسم شێوازێکی تووڕەبوونە و ئەم تووڕەبـــوونە دەســــتەواژەیەکی نێگەتــــیڤە. پێویسـتناکات تـووڕەببین بەڵکـو پێویسـتە ئومێـدمان هەبێت. تووڕەبوون پشتگوێخسـتنی هیـوایە. دەتـوانین لێی تێبگەین، دەتـوانم بڵـێم شـتەکە سروشـتییە بەڵام سـەرەڕای ئەوە پەسـەندناکرێت چـونکە رێگـا نـادات بە وەدەسـتهێنانی بەرەنجامێـک کە بتوانێـت ئومێـد بەرهەمبهێنێت.

هەڵە مەکــەن: مــن وابەســتەی جولەکەکــانی ئیســرائیل و ئەوانەی دیاسـپۆرام چـونکە دەزانـم جولەکە بوون چییە. من خۆم بەڕەگەز جولەکەم لە بــاوکمەوە و بــە بەبــێ دوودڵــی پشــتگیری لەو بیرۆکەیــە دەکەم کە جولەکەکــان، پــاشئەوەی کە بەســەریان هــات، شــیاوی ئەوەن کە وڵاتێکیــان بۆخۆیان هەبێت. لەخۆشیدا هـاوارمکرد کە دەوڵەتـی ئیســرائیل دامەزرا. وتــم: ((دواجــار!)) بــۆ ئەوانەی لەسـەر ئەو خـاڵە ڕەخنەم لێدەگرن، بەبێ وەسـتان دووبـارەی دەکەمەوە: خۆشەویسـتیم بـۆ ئیسـرائیل زۆر لەوەی ئێــوە قــوڵترە. هەربــۆیە لە ئێســتادا ئەوەنــدە تونــدم: چــونکە دەمەوێــت ئیســرائیل نەتەوەیەکی شەرەفمەند بێت. هەندێک بەهەستێکی

زۆرەوە هەڵویست دەنوێنن کاتێک کە من ڕەخنە لە ئیسرائیل دەگرم: تێناگەم بۆچی. بڕوام بە بەها گەردوونییەکانی مافەکانی مرۆڤ هەیە و پێموایە کاتێک کە حکومەتی ئیسرائیل زەوییەکانی فەلەستین داگیردەکات، پێشێلکاری بەرانبەر بە پرەنسیپە راگەیەنراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٦٧ دەکات. ریز لە ماف ناگرێت. دەبێت سەبارەت بەمە ڕەخنەی لێبگیرێت، وەک ئەوەی کە ڕەخنە لە هەردەوڵەتێکی‌تر دەگرین کە بەو شێوەیە ڕەفتاردەکات. ئیسرائیل لە سەرووی مافە نێودەوڵەتییەکانەوە نییە.

**نا ـ توندووتیژی**

**ئەو ڕێگایەی کە دەبێت فێرببین لە سەری بڕۆین**

من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە داهاتوو لە کولتووری ناتوندوتیژی، لە ئاشتەوایی نێوان کولتووره جیاوازەکاندا دەردەکەوێت. لەم ڕێگایەشەوەیە کە دەبێت مرۆڤایەتی قۆناغی داهاتووی خۆی ببڕێت. لێرەدا من هاوڕام لەگەڵ سارتەر، ناتوانین لەو تیرۆریستانە خۆش بین کە بۆمب دادەنێن بەڵام دەتوانین لێیان تێبگەین. سارتەر لە سالی ١٩٤٧دا دەنووسێت: «من دەزانم کە توندوتیژی لەژێر هەر کام لەو فۆرمانەی کە خۆی تێدا دەردەخات جۆرێکە لە شکست. بەڵام شکستێکی حاشاهەڵنەگر، چونکە ئێمە لە نێو جیهانێکی توندوتیژداین، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە گەڕانەوە بۆ توندوتیژی دژ بە توندوتیژی مەترسییەک بێت بۆ بەردەوامبوونی، ئەوا ئەوەش ڕاستە کە تاقە ڕێگای کۆتایی پێهێنانیەتی».

لێرەدا من ئەمە زیاد دەکەم کە: نا ـ توندوتیژی ڕێگایەکی زۆر دڵنیایە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی. ناتوانین هاوشێوەی سارتەر پشتگیری تیرۆریست بکەین لەژێر ناوی ئەو پرنسیپەی کە

ئەو لە ماوەی شەڕی جەزائیردا کردی یان لە کاتی تەقینەوەکەی یارییەکانی میونشن لە ساڵی ١٩٧٢ دژ بە وەرزشوانە ئیسرایلییەکان.

ئەم شتە هیچ سوودێکی نییە و تەنانەت سارتەر خۆیشی لە کۆتایی تەمەنیدا مانای چەمکی تیرۆریسمی خستە ژێر پرسیارەوەو و گومانی لە هۆکاری هەبوونی کرد. وتنی «بێ کەڵکبوونی توندوتیژی»، زۆر گرنگترە لە زانینی ئەوەی کە ئایا ئەو کەسانەی ئەم ئیشە دەکەن مەحکومیان بکەین یا نە. تیرۆریسم بە کەڵک نایە. لە نێو چەمکی کاراییدا، دەبێت هیوایەکی ناتوندوتیژ هەبێت. ئەگەر هیوایەکی توندوتیژ بوونی هەبێت، ئەوە لە نێو شیعری "گیۆم ئاپۆلێنەردایە": «هیوا چەند توندوتیژە»، نەک لە نێو سیاسەتدا.

سارتەر لە ئازاری ١٩٨٠ دا، سێ هەفتە پێش مردنی، رایگەیاند: «دەبێت هەوڵبدرێت ئەوە روون بکرێتەوە کە بۆچی جیهانی ئێستا، کە ترسناکیشە، هیچ نییە جگە لە ساتێک لە نێو پەرەسەندنێکی فراوانی مێژوویدا و هیوا و ئۆمێد بەردەوام یەکێک بووە لە هێزە زاڵەکانی شۆڕش و راپەڕینەکان،

ئەوەش کە من چۆن هێشتا هیوا وەکوو تێڕوانینی خۆم بۆ داهاتوو دەزانم.»

دەبێت لەوە تێبگەین کە توندوتیژی پشت لە هیوا دەکات. دەبێت لەباتی ئەوە هیوامان هەبێت، هیوا بۆ ناتوندوتیژی. ئەو ڕێگایەی کە دەبێت فێربین بەردەوام بین لە سەری. لە هەمانکاتدا لە تەنیشت ستەمکاردا بیت یان ستەم لێکراو دەبێت بگەین بە وتوێژێک بۆ لەناوبردنی ستەمکاری، ئەمە ئەو شتەیە کە ڕێگا نادات چیتر توندوتیژییەکی تیرۆریستیمان هەبێت. هەربۆیە نابێت ڕێگە بدرێت کە ڕق و کینە لەوە زیاتر کەڵەکە ببێت.

پەیامی گاندی و مارتین لۆتەرکینگ، هەموو شیاویەتییەکی خۆی لە دونیایەک دەدۆزێتەوە کە بەرکەوتنی ئایدۆلۆژییەکان و ئەو تۆتالیتاریسمانەی کە سەرکەوتوون، تێپەڕاندووە. پەیامێکی هیوا بەخش لە نێو توانایی کۆمەڵگامۆدێرنەکان بۆ تێپەڕاندنی ململانێکانیان لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی هاوبەرانبەرو دانبەخۆداگرتنێکی وریایانەوە. دەبێت پێداگری لە سەر مافەکان بکرێت و پێشێلکردنی لە هەر لایەکەوە بێت، دەبێت ئێمە تووڕە بکات. هیچ یەک و دوویەک لە سەر مافەکان نییە.

## بەرەو ڕاپەڕینێکی ناتوندوتیژ

مـن ـ نەک منـیش بە تەنیـا ـ سـەرنجی ئەو کاردانەوەی حکومەتی ئیسرایلمان داوە لە بەرانبەر هاوڵاتیـانی شـارەدێی (**بەلەع عەیـن**) لە ڕۆژهەڵاتـی ڕووباری ئوردون، کە هەموو ڕۆژانی هەینییەک بێ بە فڕێدانی بەردێکو بەبێ بەکارهێنـانی توندوتیژی بە تەنیشت دیوارەکەدا دەڕۆن و ناڕەزایەتی خۆیـان دەردەبڕن. دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل ئەم ڕێپێوانەیان ناو لێناوە «تیرۆریسمی نا-توندوتیژ». خراپ نییە... دەبێـت ئیسـرائیلی بیـت بـۆ جیـاکردنەوەت لە تیرۆریستی نا- توندتوتیژ. دەبێت بەردەوام نیگەرانی کـارایی ناتونـدوتیژی بیـت، چـونکە دەبێـتە هـۆی کاریگەریدانان و تێگەیشتن و بەرگری هەموو ئەو کەسانەی لە جیهاندا بەرهەڵستکاری ستەمکارین.

ئەم تێـزەی مـن لە نێـو نووسـینێکی دەروونـی مرۆیـیدا شـتێکی بـاش لە ڕێگـای دەرونشـیکاری فرۆید دەخـاتە بەردەست، چەنـد بەشـێکی پێکهێنەر بەراورد دەکـات. ئـێمە توانـای ئەوەمـان هەیە ببینە کەسـێکی تونـدوتیژ و لەخۆبـایی بەڵام توانـایی ئەوەشمان تێدایە، ببین بە کەسێکی لەخۆبردوو. لە

سەرنەخشەڕێگای مێژوودا ـ ئەم مێژووەمان لەگەڵ ئەو گەیشتنە لووتکەیەی رۆژئاوادا ـ مێژوویەکە کە هەڵگری توندوتیژییە.

بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەرخواز، هەڵهاتن لە ئابووری دارایی زۆر بەهێزە: دەبێتە هۆی لە دایکبوونی بازرگانەکان، دوژمنەکان، کێبەرکێ و توندوتیژی.

دزەکردن ـ داهێنانی نانۆتەنکنەلۆژیئەنفۆرمەتیک، دەبێتەهۆی بەرفراوانبوونی کێبرکێو کەڵەکەبوونی سەرمایەیەکی تەحەمول نەکراو بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم شتانەیان نییە. لەوێدا، دیسان کەڵەبوونێک و کەوتنەوەی درزێک لە نێوان کەسە زۆر هەژارەکان و زۆر دەوڵەمەندەکان سەر هەڵدەدات.

ئەم پێکهێنەرە گەیشتووەتە تێرم و شکستی خۆیان. ئەمە بەرەنجامی شێوازێکە کە ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی جیدی تێدا بینیوەو هەروەها جیهانی خستۆتە نێو لێکترازانیکی رادیکاڵ لەگەڵ ئەم هەڵاهاتنە بۆ پێشەوە "**دیسان زیاتر**" لە بواری

دارایییـــــدا، هەروەهـــــا لە بـــــواری زانســــتەکان و تەکنیکەکانیشدا.

مــــــاوەیەکی زۆرە کە خەمـــــی ئەخلاقــــی و دادپەروەری و پارســـــەنگییەکی هەمیشــــەیی زاڵە. چونکە چەند مەترسییەکی زۆر قووڵتر هەڕەشەمان لێدەکات. ئەم هەڕەشانە دەتوانێت کۆتایی بە مرۆڤ لە سەر ئەم زەوییە بهێنێت بە شێوەیەک کە ئیتر ژیانی تێدا نەکرێت.

بەڵام ئەوە راستە کە پێشکەوتنە گەورەکان لە مــاوەی ســاڵی ١٩٤٨وە روویــداوە: دەرچــوون لە کۆلۆنیـــالیزم، کۆتـــایی ئاپارتیـــد، لەنـــاوچوونی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێیەت، رووخانی دیواری بەرلین. بە پێچەوانەوە دە ساڵی یەکەمی سەدەی بیست و یەک سەردەمێک بوو بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوەوە. ئەم گەڕانەوەیـــە، بەشـــێکی دەگەڕێـــنمەوە بـــۆ ســـەردەمی ســـەرۆکایەتی جۆرج بـۆش، لە ١١ی سێپتەمبەر و ئەو ئاکامە کاولکارانەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێیانەوە وەریگرت، وەکوو دەستێوەردانی سەربازی لە عێراقدا. ئێمەش ئەم قەیـــرانە ئابوورییەمـــان هەبـــوو، بەڵام ئەمە

سیاســەتێکی نــوێی پەرەســەندنی لێــنەکەوتەوە. لە هەمانکاتـدا کۆبـوونەوەی لـووتکە لە کۆپنهـاگن دژی گەرمبـوونی کەش و هەوا ڕێـگەی  بـۆ سیاسـەتێکی جیدی بۆ پاراستنی زەوی خۆش نەکرد.

ئــێمە لە دووڕیانێکــداین، لە نێــوان هەڵەکــانی دەیەی سەرەتا و ئەگەرەکانی دەیەکانی داهاتوو.

## من نائۆمێد نابم لە دانایی چینییەکان

بـــۆ مـــاوەیەکی زۆر وابیرمـــان دەکـــردەوە کە پێشـــکەوتنەکانی رۆژئـــاواو ئەمریکـــا و ئەورووپـــا سەرســـوورهێنەرەو بەســـە بـــۆ ئەوەی رێگـــای مێژوومان پیشان بدات. ئەمڕۆ دەزانین کە ئەم شتە زۆر ئـاڵۆزە و هەروەهـا هینـد و چـین و بەرازیـل... ئەو هاوبەشـانەن کە بە بێ ئەوان ناکرێت بگەی بە پێشـکەوتنێکی راسـتەقینە. مـن بەرانـبەر بە دانـایی چینییەکان نائۆمێد نابم. چین لە شارستانیەتە کامڵ و تەواوەکـانە. چـین دەتوانێت بە کەمـی یان زۆری کـرداری بـاش بنوێنێـت، یـان بە کەمـی و زۆری خراپ. بەڵام بەبۆچوونی من هیچ مەترسییەکی نییە بۆ سەر مرۆڤایەتی، هاوشێوەی هەبوونی ماوتسـی تۆنـگ کە ئەگەر بمـایەتەوە، یـان وەکـوو هەبـوونی سـتالین کاتێک سـەرۆکی روسـیا بـوو یـان وەکـوو بۆش کاتێک سەرۆکی دارایی جیهان بوو. دەتوانین لەگەڵ چـیندا گفتوگـۆ بکەیـن. بـۆ نمـوونە لە سـەر تەبـت، ناتوانێـت ئەو کێشـەیە بەبـێ یـارمەتی ئـێمە چارەســەر بکــات، یــان بەبــێ تێگەیشــتنی ئــێمە. هەروەها چین لەو وڵاتانەیە کە ئاستی کەمووکوڕی

تێیدا زۆر لە خوارەوەیە. هەرچەندە تەقینەوەیەکی ئابووری ناوازە بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەیەکی زۆر گەورەش بۆ چارەسەکردن.

بەڵام دەبێت هیوامان هەبێت. بەردەوام هیوامان هەبێت. دەیەی رابردوو، ساڵانی ١٩٩٠، سەرچاوەی پێشکەوتنە گەورەکانبوو. نەتەوەیەکگرتووەکان بانگهێشتنامەیان بۆ چەندین کۆنفرانس ئەنجامدا، وکوو کۆنفرانسی "ریۆ" لە سەر ژینگە لە ساڵی ١٩٩٢: کۆنفرانسی 'پەکین' لە سەر ژنان لە ساڵی ١٩٩٥، لە سێپتەمبەری ٢٠٠٠ دا لە سەر داوای سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان، ١٩١ وڵاتە ئەندامەکە بڕیارنامەی "هەشت ئامانجی هەزارەیان بەرەو پێشکەوتن" پەسەند کرد کە لەڕێگای ئەمەوە خۆیان بەرپرسیارکرد بە تایبەت بۆ نەهێشتنی نیوەی هەژاری لە جیهاندا لە ئێستاوە تاوەکوو ساڵی ٢٠١٥. خەمی گەورەی من ئەوەیە نە ئۆباما نە یەکێتی ئەوروپا هێشتا ئەو شتەیان دەرنەبڕیوە - ئاشکرا نەکردووە- کە ببێتە پشتیوانی ئەوان لە

بـــواری بەرهەمهێنـــان واتە حســـاب لەســـەر بەهـــا سەرەکییەکان بکەن.

بەڵام هیـــوایەکی نـــوێ ســـەرهەڵدەدات: بەهـــارە عەرەبییەکـان مزگێنـی ئەو گـۆڕانە دیموکراتیـانە بە ئـــێمە دەدەن کە هەمـــوان لە دونیـــادا دەبێـــت بە خولیایەوە بەرەو ئەمە هان بدرێین.

چ ئەنجامێـــک لەم بانگهێشـــتی توورڕەبـــوونە وەردەگرین؟ لە سـەروبەندی شەسـتەمین سـاڵیادی بەرنـامەی ئەنجـوومەنی نەتەوەیـی بەرگـریدا ئێمە لە ٨ی مارسی ٢٠٠٤ دا هێشتا ئەوەمان بە ئەندامە کۆنەکـان و شــەرڤانەکانی هێـزی فرەنسـای ئـازاد ١٩٤٠ ـ ١٩٤٥ دەوت کە بە دڵنیاییەوە «بە هیمەت و گیانفیـدایی براکانمـان و خوشـکەکانم لە جەبـهەی بەرگــــری و ئەنجــــومەنی نەتەوەکــــان دژ بەم بەربەریەتە فاشیسـتە، نازیسـم شکسـتی هێنـا. بەڵام ئەم هەڕەشـــــەیە بە تەواوەتـــــی لەنـــــاونەچووە و تـــوورەیی ئـــێمەش دژ بە نـــادادپەروەری بەردەوام وەکوو خۆی ماوەتەوە».

نەخێر ئەم هەڕەشەیە بە تەواوەتی لەناونەچووە. هەروەهـــا بەردەوام بانگهێشـــتی ئەوە دەکەیـــن کە

«شۆڕشـــێکی راســـتەقینەی ناتونـــدوتیژ دژ بە کەرەســـتەکانی پەیوەنـــدییە گشـــتییەکان کە ئەو ئاسـۆیەی دەیـخەنە بەرگەنجـانی ئـێمە بـریتییە لە مەســـرەفی زیـــادە، گـــاڵتەکردن بە کەســـە زۆر لاوازەکـان و بە کولتـوور، فەرامۆشـکردنێکی گشـتی و ململانێیەکـــی زیـــاد ڕادەی هەمـــوانە دژ بە هەموان».

بۆ هەموو و ئەوانەی کە سـەدەی بیسـتو یەکەم دروست دەکەن بە هەست و سۆزەوە پێیان دەڵێن:

«ئافرانــدن، بەرگــریکــردنە. بەرگــریکــردن، ئافراندنە.»

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ستێفان هێسێل

## «بە بێ بوونی یەکسانی مافەکان، ئازادی بەدی نایەت»

٣١ دیسەمبەری ٢٠١٠

لە تەمەنـــی ٩٣ ســـاڵیدا، دیپلۆماتکـــار، کـــۆنە بەرگریکـــار و یەکێـــک لە داڕێژەرانـــی جاڕنـــامەی گەردوونـــی مافەکـــانی مـــرۆڤ، ســـتێفان هێســـێل، پەرتوکی «ڕاپەڕن !»بڵاو دەکاتەوە. کە بریتیبوو لە بانگەشـــەیەک بـــۆ ڕاپەڕینێکـــی ئاشـــتیخوازانە، بەتایبەتیش دژی ئۆلیگارشی دارایی بوو کە جیهانی بەرەو هەڵدێر بردبوو.

**ـــ چـــۆن دەڕوانیـــتە ئەو ســـەرکەوتنەی کە پەرتـــوکەکەت بەدەســـتی هێنـــاوە؟ ئایـــا وەڵامـــی داخوازییەکانی ئەم سەردەمە دەداتەوە؟**

**ســـتێفان هێســـێل.** بەشـــێوەیەکی سروشـــتی توشـــی سەرســـوڕمان و تەنـــانەت واقوڕمـــانیش بـــووم بەو ســـەرکەوتنەی کە ئەم پەرتـــوکە ڕەخـــنە ئـــامێزە بەدەســـتی هێنـــاوە. ئەوەی تێـــدا ڕوونـــدەکەمەوە کە

ئێمە لە ساتێکی ترسناکدا دەژین کە تێیدا نازانین چارەنووسمان بەکوێ دەگات. وشیارییەکی تەواومان هەیە کە ئێمە لە ناوەندی-نەک کۆتایی- کێشەیەکی ئابوریی‌ەکی نیۆلیبرالی کۆنترۆڵ نەکراوداین. شتێکی ئاساییە ئەگەر چەندەها پرسیار لەخۆمان بکەین سەبارەت بە هۆکارەکانی تێکچوونی کۆمەڵگاکانمان. کاتێک کە ئێمە لە نێو ئەو کۆمەڵگا تێکچوانەدا دەژین، یەکەم شت کە ئارەزوومان هەیە ئەنجامی بدەین، بریتییە لە نارەزایی دەربڕین. ئەوەمان لەبیرە کە لە قۆناغەکانی تری مێژوودا، دەبوو ڕاپەڕین ئەگەر بمانویستایە نەکەوینە ژێر باری جەور و ستەمی داگیرکاری بێگانەی فەرەنسا، یاخود بارودۆخە پڕ نەهامەتییەکان.

**ــ قەرز یان نەبوونی دارایی زۆرجار وەکو ئارگۆمێنتێک، رزگاری کۆمەڵایەتی ئازادی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چۆن ئەنجومەنی نیشتیمانی بەرگری (RNC) توانی سەرکەوتوو بێت لە بنیادنانی ئەو بناغە توندو تۆڵانە لە نێو ئەوروپایەکی داڕوخاودا؟**

**ستێفان هێسێل.** دەبێت ئەوە بە بیری خۆمان بهێنینەوە کە پرۆگرامەکەی **(RNC)** لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە داڕێژرا کە جگە لە بیرکردنەوەو پێشنیار هیچ لێهاتوویەکی سیاسییان نەبوو. بە هۆکاری ئەو ئازادی بیرکردنەوەیەیە ئەو گریمانەیان خستە بەردەست کە چۆن فەرەنسا پاش ئازادبوونی کۆمەڵێک بەهاو سیاسەت بە ئێمە ببەخشێت کە یەکانگیربێت لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە بەرگریکارەکان ئارەزوویان دەکرد. لە راستیدا ئەمە بناغەی سۆشیاڵ- دیموکراسییەکە کە ئازادییە بنەڕەتییەکان بەدی دەهێنێت و دژ بە فیۆداڵە ئابوورییە لەرادەبەدەرەکان خەبات دەکات، دژی میدیایەکە کە لەلایەن حکومەتی ڤیشییەوە بەڕێوە دەبرێت.

ئایا ئەو بەهایانە بچووک بونەتەوە؟ بە ڕوونی. ئەمە لۆژیکی ڕاپەڕینە. هیچ هۆکارێک نییە کە فەڕەنسای ٢٠١٠ توانای پێویستی نەبێت، چونکە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆر وبەرچاو، هەروەها سامانێکی لەرادەبەدەرە بە بەراورد بە ساڵی ١٩٤٥. سەرەڕای ئەمە، ئەو رزگارییانەی کە چاوەڕێمان دەکرد، نەهاتنە دی. ئەمە دەبێت ببێتە هۆی بنیاتنانی بیرکردنەوە و وەدیهاتنی ئەو هەستەی کە

دەبێت هەبێت. سەرەتا دەبێت نارەزایی دەرببرین، بەڵام نابێت لەو خاڵەدا بوەستین. دەبێت ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: چیبکەین بۆ ئەوەی شتەکان گۆرانکارییان بەسەردا بێت؟ پێویستمان بە بەڕێوەبەریەتییەکی نوێ هەیە لە وڵاتدا، ئەوەی کە لە ۲۰۰۷ دا هەبوو زۆر قایلکەر نەبوو، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئایا دەتوانین چیتر پێشنیار بکەین. کە ئەمەش بۆ ئەوروپا و هەمو جیهان پێویستە. بەتایبەتیتریش بۆ ئەو ناوچانەی کە زیاتر دوچاری کێشەو قەیرانەکان بونەتەوە..لێرەدا بیرمان بۆ لای فەلەستینییەکان، سەحراوییەکان، ئەو میللەتانەی کە هێشتا خاوەنی دەوڵەت نین و مافی چارەی خۆنوسین تێیاندا بەدی نەهاتووە دەچێت، لە کاتێکدا کۆمەڵێک دەوڵەت هەن بانگەشەی دەستور و یاسای نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن.

**ـ هەمیشە داوای یەکسانی و ئازادی دەکەیت بەڵام، دەڵێیت «ئەو ئازادییە کۆنترۆڵنەکراوەی(ڕێوی لە نێو کولانە مریشکدا)» ئایا بەبێ یەکسانی، بەبێ برایەتی، ئازادی بوونی نییە؟**

**ستێفان هێسێل.** ئازادی لە هەمان کاتدا یەکێکە لە بەها هەرە بنەڕەتی و ناجێگیرەکان. ئازادی هیچ مانـــایەکی نیـــیە ئەگەر دڵنییـــایی نەدات لەســـەر یەکسـانی مافەکـان و سـۆلیداریتی. ئەمە بەرەو ئەو دروشـــمەجوانەمان دەبـــات کە وامـــان لێـــدەکات هەســتبکەین کە ئـێمە یەکـین. ئەو ئـازادییەش کە دەسـەڵاتی هەیە بەسـەر ئـابووری داراییدا، تەنها لە خزمەتـــی کۆمەڵێـــک ســـەرمایەداردایە نەک ئەوەی هەماهەنـــگ بێـــت لەگەڵ یەکســـانی و برایەتـــی، و بووەتە هۆی خولقاندنی چاندین نەهامەتی.

**ـــ باســـی ڕۆڵـــی ســـارتەر دەکەیـــت لە نێـــو بیرکردنەوەکانتـدا و ئامـاژە بەم ڕسـتەیە دەکەیـت «ئێوە وەکو تاک بەرپرسیارێتیتان لەسەرە» کەواتە لێرەدا جێگای کۆمەڵ (پێکەوەیی) لەکوێدایە؟**

**ســـــتێفان هێســـــێل.** پێکهـــــاتە سیاســــــی و ئابوورییەکـان کە کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی بەرێـوە دەبەن، لە بـارێکی قورسـدان. بە شـێوەیەکی پـتەو بنیـات نەنـراون تـا ئەوەی بتـوانن چارەسـەری ئەو قەیـــرانە نوێیـــانە بـــکەن کە ســـەر هەڵـــدەدەن: پارێزگـــاریکردن لەم هەســـارەیە، جیـــاوازی زۆری

سامانەکان. ناتوانین لەوە زیاتر متمانە بەو دەسەڵاتانە بکەین کە ئێستا بونیان هەیە. دەبێت هاوڵاتیان خۆیان ڕێکبخەن لە نێو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا لە شێوەی فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەوە ئەو ڕێگەیە کە پێویستە بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی کە بە پێکەوەیی، کە هاوڵاتییان بن-نەک بونیادە ئامادەکان- کە ڕێگای نوێگەری پێویستی خستنە سەر کاری ئابووری جیهانی بکەنەوە.

**ـ ئاماژە بۆ هیگڵ دەکەیت سەبارەت بە مانای مێژوو و شۆکە یەک لەدوای یەکەکانی. پێتوایە کە لە ئێستادا دیموکراسی لە پاشەکشەدایە؟**

**ستێفان هێسێل.** دەبێت ئەوە بڵێین کە دیموکراسی پرۆگرامێکە کە بەداخەوە هێشتا تەواو نەبووە. لە هەموو پیتێکی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم مافانە ناتوانرێت بهێنرێنە دی تاوەکو لەچوارچێوەی رژێمێکی دیموکراسیدا نەبێت، هەروەها دەبێت بەرگەی هەموو فۆرمێکی خۆسەپێنی، زوڵم،

تۆتالیتاریسم یان چەوسانەوە نەگریت. نابێت بە کەم لەو پێشکەوتنانەی بڕوانین کە بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتین و ئەوروپا بەدیهاتوون، سەرەڕای ئەوەش هێشتا بەس نییە، چونکە ئەم دیموکراسییانە ناتوانن بە تەواوەتی لە بەرامبەر دەسەڵاتی کاپیتالیسمی داراییدا بەرگری لە خۆیان بکەن. لەم خاڵەدایە کە دەبێت هەوڵی تاکە کەسی بگیرێتە بەر.

**- سەبارەت بە دارشتنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، دێیتەوە سەر باسی ئیپۆکێزی(دووڕویی) هەندێک لە لایەنە براوەکان لە ڕێکەوتنیان لەسەر ئەو بەهایانە. بەڕای تۆ، لە جێبەجێکردنییاندا ئەمانە چۆن بوون؟**

**ستێفان هێسێل**. دووڕوویی گرنگە بۆ ئەوەی بزانرێت کە چۆن حکومەتەکان و هەروەها کۆمپانیا زەبەلاحەکان روو لە ماف و یەکسانی دەکەن.، یاخود روو لە پێشکەوتنێکی ئابووری وادەکەن کە هەمولایەک سودی لێببینن، بەتایبەتیش هەرە هەژارەکان. لە راستیدا، تەنها هەوڵدەدەن بۆ

پارێزگــــاریکردن لە دەســــەڵاتیان، هەرچەنـــدە ئەو دەســەڵاتەش وەڵامــی خواســت و پێداویســتییەکانی هاوڵاتییان نەداتەوە. تەنها دەیانەوێت پارێزگاری لە دەســــەڵاتی ئابوورییـــــان بـــــکەن، هەرچەنـــــدە ئەنجامەکەیشی تەنها بە قازانجی نوخبەیەکی کەمە، وەک ئەوەی (ســۆزان جــۆرج) ســەرۆکی فەخــری داتاک- RLDN ناوی دەنێت «چینی داقۆس» واتە ســەرمایەدارەکان. ئــێمە لە جیهانێکــدا دەژیــن کە ســـــەرمایەدارەکان خـــــاوەنی هەمـــــو ســـــوودێکن، ئەوانەشی کە لە ژێر دەستی سەرمایەدارەکاندان بە پێی پێویست نازانن بەرگری بکەن.

**- بەوە کۆتایی پێدەهێنیت کە پێتوایە پێکدادانی ئایــدیۆلۆژییەکان زیــادی کــردووە. بەرانــبەر بە ئۆلیگارشــییە داراییەکــان، پێتــوایە نابێت پشــت بە بناغەیەکی ئایدۆلۆژی پتەو ببەسترێت؟**

**ستێفان هێسێل.** خۆشبەختانە شانسی ئەوەمان هەیە کە خـــــــــــاوەنی ڕێکخــــــــــــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــانین، کە لەســەر بنەمــای دەســتورێک دامەزراوە کە جەخت دەکاتەوە لە هەندێک ئازادی و مـاف بۆ هەمـوان. پێویستمان بە بەڕێوەبردنێکی

جیهــانی و بە هەمــاهەنگی لە نێــوان دەوڵەتــان کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزرابێت، هەیە، نەک دەوڵەتێکی جیهانی نا ماقوڵ و بێ واتا.

بە پشتبەســتن بە دامەزراوەکــانی ئەو دەوڵەتە، پێـدانی دەسـەڵاتی پێویسـت، لە کۆتاییـدا دەتـوانین سـنورێک بـۆ قەیرانەکـان دابنێـین و تونـدوتیژی بگۆڕین بۆ نا-توندوتیژی. سەبارەت بە توندوتیژی و روبەروبــونەوەی نێــوان دەوڵەتــان، نێــوان کولتوورەکـان، نێـوان دینەکـان یـان شارسـتانییەتە جیاوازەکانو ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە دژن بەیەکن و دەجەنگـن، پێویسـتە بەرەو ئەو گفتوگـۆ هزرییـانە بـرۆین کە لە لایەن پیـاوانی وەک مانـدێلا، مـارتن لـۆتەر کینـگ و گانـدی و ئەوانـی تـرەوە ئەنجـام دەدران. یەکێـک لە هۆکـارە گەورەکـانی کە دەبێـت ئــێمە بەرەو ســۆلیداریتی و وابەســتەیی ببــات، بـریتییە لەو ریسکەی کە گەردونـی لەسـەر بەنە. لە ســەردەمێکدا دەژیــن کە ئەگەر هەمومــان پــێکەوە هەوڵێکیی ئێکۆلۆژی نەدەین، ئەوا لە پەنجا بۆ سـەد ســاڵی تــر ئەم هەســارەیە بە کــەڵکی کۆمەڵگــای مرۆڤایەتی نایەت.

**تێبینییەکان**

١- ئەنجـــوومەنی نەتەوەیـــی بەرگـــری لە ٢٧ی مایسـی ١٩٤٣دا لە پـاریس بە شـێوەیەکی نهێنـی لە لایەن ئەنــــدامانی گەورەی هەشــــت بــــزووتنەوەی بەرگری دروستکرا و دوو سەندیکای گەورەی پێش ــ جەنـگ:CGT,CFTC کۆنفدراسـیۆنی فرەنسـی کرێکـارە مەسـیحییەکان، و شـەش پـارتی سیاسـی ســـەرەکی لە کۆمـــاری ســـێیەم، لەوانەش PC، (سۆسیالیســتەکان)، SFIO (سێکشــنی فەرەنســی نێــودەوڵەتی کرێکــاران)، ئەنجــوومەنی نەتەوەیــی بەرگـــــری(CNR) رۆژی ٢٧ی مـــــایس یەکەم کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجـامدا بە سەرپەرشـتی ژان مولین نوێنەری ژەنەراڵ دۆ گۆل کە دەیویست ئەم ئەنجــوومەنە دژ بە نازییەکــان کــاراتر بکــات و مەشــــروعیەتی خـــۆی بەرانـــبەر بە هاوپەیمانـــان بەهێزتر بکات. دۆگۆل ئەم ئەنجوومەنەی راسپارد بۆ دارشـتنی پرۆگرامێک بۆ حکومەتێک لە ئاسـۆی ئازدابوونی فەرەنسادا. ئەم پرۆگرامە بووە هۆکاری هـــاتو چـــوونێکی زۆر لەنێـــوان ئەنجـــوومەنی نەتەوەیی بەرگری و حکـومەتی فرەنسـای ئـازاد و ئنجا لە لەندەن و جەزائیر بوو پێش پەسەندکردنی لە ١٥ی مارسـی ١٩٤٤ لە گردبـوونەوەیەکی گشـتی

له لایەن)، ئەنجــوومەنی نەتەوەیــی بەرگــری.. ئەم بەرنامەیە بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٤ لە هۆتێـل دۆڤیـل لە لایەن ژۆرژ بیـدۆ ســەرۆکی)، ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرگری کە لـە سـاڵی ١٩٤٣ لە شـوێنی ژان میلـۆن دانرابـوو ڕا دەسـتی ژەنەراڵ دۆگۆل کرا. دەبێت ئەوە وەبیربهێنینەوە کە ڕێکاری تـایبەت بە میـدیاکان لە ٢٦ی ئـاب بە سـەرکردایەتی ژەنەرال دۆگـۆل لە لایەن حکـومەتی کـاتی کۆمـاری فرەنســـاوە راگەیەنـــرا کە یەکێـــک لە نووســـەرە ســـەرەکییەکانی ئەم پرۆگـــرامە رۆژە گنیزبـــۆرگێر Ginsburger Roger کوڕی پایەداری جولەکەی ئالســازی بــوو، کە ئەو کــاتە نــاوێکی خــوازراوی هەبـوو بە نیـوی پـیەر ڤیلـۆن Pierre Villon، ئەو سـەرۆکی جەبـهەی نەتەوەیـی سـەربەخۆیی فرەنسـا بـوو کە بزووتنەوەیەکـی بەرگـریبـوو کە لە لایەن پـارتی کۆمۆنیسـتی فرەنسـاوە دروسـتکرا بـوو لە ســـاڵی ١٩٤١ دا و ئەو بە شـــێوەیەکی بەردەوام لە نووســـینگەکەی خـــۆیو ناوەنـــدی ئەنجـــوومەنی نەتەوەیـی بەرگری نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیەی دەکرد.

٢- پاش هەڵسـەنگاندێکی سـەندیکایی، ئێمە پاش تێـپەڕین لــە ٧٥% بــۆ ٨٠% داهــاتی خانەنشــینی

گەڕاوینەتەوە بۆ ٥٠%، کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە. ژان پۆل دۆمین مامۆستای ئابووری زانکۆی ڕێمس شامپان ئاردنس Reims Chmpange – Ardennes لە ساڵی ٢٠١٠ دا بۆ ئەنستیتۆی ئەورووپی مووچەخۆران یادداشتێکی نووسی لە سەر «بیمەی تەندروستی تەواوکاری»، لەوێدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە تا چەند دەستڕاگەیشتن بە بیمەی تەواوی جۆری پاش ئەم قۆناغە دەبێتە ئیمتیازێک بەپێی بارودۆخی کارمەندەکان، کە لەنێوان ئەماندا کامەیان بارودۆخی زۆر خراپە واز لە بیمەی تەواو دەهێنن و ئەو بەها زۆرەی کە دەبێت بیدەن. چونکە سەرچاوەی ئەم کێشەیە لەوێدایە کە مووچەکان چیتر وەکوو پشتگیرییەک بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار ناکرێن ـ کە ئەم خاڵی سەرەکی ڕێکارەکانی ٤ بۆ ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ بوو. ئەم ڕاگەیاندنەی بیمەی کۆمەڵایەتی ڕێک دەخات و دەیخستە ژێر رکێفی دەسەڵاتی هاوبەشی کرێکاران و دەوڵەت. بەڵام لە کاتی ریفۆرمەکانی ئالان ژوپێ لە ساڵی ١٩٩٥ دا یەک دەخرێت و پاشان لە لایەن یاسای مسیۆ دۆستی ـ بلازی ـ "کە خۆی پزیشک بووە"، لەساڵی ٢٠٠٤ دا تەنیا دەوڵەت بیمەی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبات. بۆ

نمـوونه ئەوە سـەرۆک وەزیرانـە کە بە فرمانێـک سـەرۆکی گشـتی سـندوقی نەتەوەیـی بـیمە کۆمەڵایەتییەکان( CNAM) دادەنێت.

٣-سـەرۆک رۆزڤێلـت هەرگیـز هەسـتە دژەکۆلۆنیالیسـتییەکانی خـۆی نەدەشـاردەوە و بە پێـداگرییەوە دەیـوت: «نـاتوانین بەرەنگـاری کۆیلایەتی فاشیستی ببینەوە لە کاتێکدا ئەو خەڵکانە رزگـار نەکەیـن کە لە ژێـر رکێفـی سیاسـەتێکی کۆلۆنیـالی کۆنەپەرەسـتانەدان»، بە هەمانشـێوە کە بوسـیف مێخالیـد لە کتێـبە پرشـنگدارەکەی واتە: "رۆژمێـری کوشـتارێک"، لە ٨ی مایسـی ١٩٤٥ دا نووسـیویەتی. خۆپیشـاندانی سـێتف لە ٨ی مایسـی ١٩٤٥دا لە لایەن جەنگاوەرە جەزائیرییەکانی نزیک لە میسـالی حـاجەوە رێکخرابـوو کە ئەوکـات ئەو لە زیندان بوو و بە یەکێک لە باوکەکانی ناسیۆنالیزمی جەزائیر هەژمار دەکریت کە لهگەڵ ئەلبێر کـامۆ دا لە سـالانی ١٩٣٥ ـ ١٩٣٧ دا لە نێـو پـارتی کۆمۆنیستی جەزائیردا جەنگا بوو. لەم خۆپیشاندانە کە بڕیار بوو تێیدا جەژنی کۆتـایی هێنـان بە جەنگ و ئاگربەستی تێدا ئەنجام بدرێت، لە تەنیشـت ئـالای جەزائیـردا چەنـد شـتێک هـەڵکراوە ئـەویش چەنـد لافیتەیەکن کە لەسـەر ئەوە دەخـوێنینەوە کە: «بژی

دەستووری ئەتلەنتیک!»، «بژی نەتەوە یەکگرتووەکان!»، «بژی جەزائیری ئازاد و سەربەخۆ!». کە خۆپیشاندانەکە بە فیشەک سەرکوت کرا و گۆڕا بۆ شۆڕشێکی خوێناوی... ژمارەیەک لە ئەوروپییەکان کوژران و بە شێوەیەکی دڕندانە لەتوپەت کران. سوپای فەرەنسا بە گرتنەبەری چەند کردارێکی وەها توندوتیژانە وەڵامی ئەمەی دایەوە کە بووە هۆی نووسینی یەکێک لە رەشترین پەڕەکانی کۆلۆنیالێزم. لەم کاتەدا پاریس لە ژێر دەسەڵاتی ژەنەراڵ دۆگۆل، سەرۆکی فرەنسای ئازادا دا بوو....

٤-جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە ١٠ی دیسەمبەری ١٩٤٨دا لە پاریس لە کاتی کۆبوونەوەی گشتی ئەنجوومەنی نەتەوەکان لە لایەن ٤٨ دەوڵەت لە ٥٨ دەوڵەتی ئەندامەوە پەسەند کرا. هەشت دەوڵەتیش خوپارێزییان لێکرد: ئەفریقای باشوور لەبەرهۆکاری ئاپارتاید کە لە جاڕنامەکەدا مەحکوم کرا بوو، سعودیە لەبەر هۆکاری یەکسانی ژنو پیاو لەم جاڕنامەیەدا، یەکێتی سۆڤێت (روسیا، ئۆکراین، بیلاروسی) پۆلۆنیا، چیک و یۆگسلاڤی، کە بڕوایان وابوو کە ئەم جاڕنامەیە بە تەواوی ڕەچاوی مافە ئابووریی

و کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها مەسەلەی کەمینەکانی نەکردووە. دەبێت لێرەدا ئەوەش باس بکرێت کە روسیا ئەو پێشنیارەی ئۆسترالیای بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ کە کاری بریتی بێت لە لێکۆڵینەوە لەو داوایانەی کە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت، ڕەتکردەوە. ئنجا هەر دوو وڵاتی هندوراس و یەمەن بەشداری دەنگدانەکەیان نەکرد. دەبێت لێرەدا ئەوە وە بیر بهێنینەوە ماددەی ٨ی جاڕنامەکە پەیوەستە دەبێت بە پرنسیپی تاکەوە دژ بە دەوڵەت ئەگەرهاتوو دەوڵەت مافە سەرەکییەکانی تاک پێشێل بکات. ئەم پرنسیپە لایەنی جێبەجێکاری خۆی لە دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤدا دۆزییەوە پاشان لە نۆڤەمبەری ١٩٥٠ دا لە رۆما لە لایەن ڕێساکانی ئەوروپی بۆ پارێزگاری لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان پەسەند کرا. لە راستیدا بەهامانشێوە کە یەکێک لە خوێنەرەکانی ئێمە واتە میشێل ئارنولد لە سترازبورگ، دەڵێت کە دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ ـ کە بنکەکەی لەم شارەو و بەشێک لە ئەنجوومەنی ئەوروپا هەژمار دەکرێت ـ ئیشی خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ دا دەستپێکرد. لە ماوەی

سـالّی ١٩٨٠ دا ئەم پرنسـیپی دژ بە دەوڵەتە کە سەرەتا بە شێوەیەکی بژاردە بووە دواتر دەگۆڕێت بۆ مـاف. ئەم شـتە نەک بە تەنیـا تـایبەتە بەو ٥٠٠ ملیۆن کەسە ئەوروپییە، بەڵکو هەموو کەسە لە خۆ دەگرێـت کە مـافی یاسـاییان هەیە لە تەواوی جیهـان‌دا بەبـێ جیـاوازی و دەتـوانن سـکاڵایەک لە بەر پێشـێلکردنی مـاف یـان ئـازادی پـارێزراوی خۆیـان لەو ڕێسـا پارێزگـارییە کە دەوڵەت واژووی کـردووە بـخەنە روو. ئەم دادگـایە لە ڕێگـای بڕیـارە دەرکراوەکـانی سـەبارەت بەو کەسـانەی کە سـکاڵانەی تۆمـارکردووەو ئەوروپـی نـین ئەم بڕواپێکـراوەییەی خـۆی بە شـێوەیەکی بەرفـراوان سەلماندووە.

٥- ژان پـۆل سـارتەر، «بـارودۆخی نووسـەر، ١٩٤٧»، پاریس گالیمارد ١٩٤٨.

٦- ژان پـۆل سـارتەر، «ئێسـتا هیـوا»ە nouvelle observateur، 24 مەی، ١٩٨٠.

واژۆکەرانـی بانگهێشـتنامەی ٨ی مارسـی ٢٠٠٤ بـریتین لە: لـویس ئـوبراک، رایمۆنـد ئـوبراک، هێنـری بـارتولی، دانـیەل کـوردیەر، فیلیـپ دیچـارد، جـۆرج گینیـۆن، سـتێفان هەسـێل، مـوریس کریجـل ڤـالریمۆن، لیـز لەنـدەن، جـۆرج سـێژوا، جێرمەنـی

تـــايلۆن، ژان پــيەر ڤێرنـــا، مــوريس ڤــۆتەری. ئەم بانگهێشتنامەیە کاریگەرییەکی قووڵی لەسـەر نەوەی نـوێ بەجێهێشــت، هاوشـێوەی وتارخوێنـدنەوەکەی ستێفان هەسێل لە ١٧ی مەی ٢٠٠٩ دا لە گالیەر لە کاتی گردبوونەوەی ساڵانەی «وتەی بەرگری» کە لە لایەن ئەنجوومەنی «هاوڵاتیانی بەرگری دوێنـی و ئەمـڕۆ» ڕێــک دەخــرا. ئەوە بیــر بهێنیــنەوە کە پـــاڵنەری ســـەرەکی ئەم بەرگـــرییە بریتـــی بــوو لە «تووڕەبـــوون»، هەســـێل رایگەیانـــد: «پـــاڵنەر و مۆتیڤەکانی تووڕەیی خۆتان بدۆزنەوە، و پەیوەست بــن بەم رەوتە گەورەیەی مێــژووەوە«ئەم وتــانەی ئەو کە هاوکات لە تەنیشت سینەماکار ژیل پیەر لە بەر فــیلمەکەی "ڤــۆلتێر، گەڕانەوە بــۆ بەرگــری" لە لایەن هەمـــــووانەوە پشـــــتگیری لێکـــــرا و خـــــاڵی ســـەرکەوتنی ئەم کتێـــبەیە کە ئێســتا لە بەردەســتی ئێوەدایە.

**ژیاننامەی ستێفان هێسێل**

ستێفان هێسێڵ لە بەرلین لە ساڵی ١٩١٧دا لە باوکێکی جولەکە کە نووسەر و وەرگێڕبوو بەناوی فرانز هێسێڵ و دایکێکی وێنەکێش و مۆسیقادۆست و نووسەر بەناوی هێلین گرۆند لەدایکبووە. خێزانەکەی لەساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ دوو منداڵەکەیان ویلریش و ستێفان ڕوو لە پاریس دەکەن. بەهۆی فەزای خێزانییەوە، هەردووکیان دەیانتوانی هاموشۆی هەریەک لە مارسێل دوشامپی دادایست و پەیکەرتاشی ئەمریکی ئەلێکسەندەر کالدێ بکەن. ستێفان لەساڵی ١٩٣٩دا دەچێتە قوتابخانەی نۆرماڵی باڵا لە کۆلانی ویلم، بەڵام جەنگ دەبێتە هۆی ڕاگرتنی خوێندنەکەی. لە ساڵی ١٩٣٧وە وکو فەرەنسی لێهاتبوو، جەنگی گاڵتە ئامێز(پەراوێز) دەناسێ و بەشداری تێدادەکات. چاوی بە مارشاڵ پێتان دەکەوێت کە وازی لە فەرەنسا هێنابوو-لە کاتی ئازادیدا، بە تاوانی خیانەتی گەورە و لەکەدارکردنی کەرامەتی نیشتمانی دادگایی دەکرێت. ستێفان هێسێڵ، لە مارسی ساڵی ١٩٤١ دا پەیوەندی بە فەرەنسای ئازادی جەنەراڵ دو گۆل دەکات لە لەندەن. لەئۆفیسی ڕوبەڕووبونەوەی سیخوڕی، هەواڵگری و کردەکان(BCRA) کاردەکات. لە شەوێکی کۆتایی مارسی ١٩٤٤دا بە

نهێنـــی و له ژێـــر نـــاوه كـــۆدی ((جرێكـــۆ)) دەگـــوازرێتەوه بـــۆ فەرەنســـا بە ئامـــانجی دروســـتكردنی پەیوەنـدی لەگەڵ تـۆڕە جیـاوازە پاریســـییەكان و دۆزیـــنەوەی جێگـــای نـــوێ بـــۆ بەرنـــامەی رادیـــۆیی بـــۆ گەیانـــدنی زانیـــارییە بەدەســـــتهاتووەكان بە لەنـــــدەن ســـــەبارەت بە ئۆپراسیۆنی ئالییە. لە ١٠ جولای ساڵی ١٩٤٤ دا لە لایەن جێســـــتاپۆوە دەگیرێـــــت بەهـــــۆی ئەم بانگەشـەیەوە: ((شـوێنی كەسـێك ناكەوین كە لەژێر ئەشـكەنجەدا قسـەی كـردووە)) كە لە نێـو كتێبـی بیرەوەرییەكانـدا لە سـاڵی ١٩٩٧دا بەنـاوی (سـەما لەگەڵ سـەدە) ئاماژەی پێكـردووە. پاش لێكۆڵینەوە لە ژێر ئەشكەنجەدا- بەتایبەتی بەكارهێنانی بانوی گەرمـاو، بەڵام ئەشـكەنجەدەرەكانی دەپەشـۆكێنێت كە بە ئەڵمانی، زمانی دایك، قسەیان لەگەڵ دەكات- لە ٨ ئۆگەســتی ســاڵی ١٩٤٤ دا ڕەوانەی كـــەمپی بوچێنوالد لە ئەڵمانیا دەكرێت ئەویش پاش چەند ڕۆژێـك لە ئـازادی پـاریس. لە دواسـاتەكانی لە سـێدارەدانیدا تـوانی ناسـنامەی خـۆی لەگەڵ فەرەنسییەك بگۆڕێت كە لە ناو كەمپەكە بە گرانەتا مردبـوو. لە ژێـر نـاوە تـازەكەی، میشـێل بواتێـل، كرێكـاری میكانیـك، گواسـترایەوە بـۆ كـەمپی ڕۆتلێبێـرۆد لەنزیـك شـوێنی نیشـتنەوەی فـڕۆكە

سـەربازییە ئەڵمانییەکـان، جـۆنکەر ٥٢، بەڵام خۆشبەختانە -چانسی هەمیشەیی- گواسترایەوە بۆ کـاری ژمێریـاری. دواتـر هەڵـدێت. دەستگیردەکرێتەوە، دەگوازرێتەوە بۆ کەمپی دۆرە کە(V1 و V2) کـە سـاروخی تێدا دروسـتدەکرا و نازییەکان بە بەکارهێنانی ئەمانە ئاواتی بردنەوەی جەنگەکەیـان هەبـوو. جـارێکی تـر هەڵـدێتەوە و ئەمجارەیان لەبەر چەند هۆکارێکی باش هێزەکانی هاوپەیمانـان لە دۆرە نزیکـدەبوونەوە. لە کۆتایـدا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس بۆ لای ژنەکەی کە دەکاتە دایکی سێ منداڵەکەی، دوو کوڕ و کچێک.

‹‹دەبوو تێکۆشـان بۆ ئەم ژیانە نوێیە بکرێت›› ئەندامە دێرینەکەی فەرەنسای ئازاد لە یاداشتەمانی خۆیدا ئەمەی نووسیوە. پاش ئەوەی لە کێبڕکێی چوونە نێو وەزارەتی دەرەوە سەرکەوتوو دەبێت، سـتێفان هێسـێل دەبێـتە دیپلۆماتکـار. یەکەم پۆستیشـی لە نەتەوەیەکگرتووەکـان دەبێت کە لەو ساڵەدا *هێنری لۆژییە* یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکـانو سـکرتێری کۆمیسـیۆنی مافەکانی مرۆڤ بوو کە پێشنیاری بۆ دەکات ببێت بە سکرتێری کابینەکەی. بەهۆی ئەم پۆستەوە بوو ستێفان هێسێل پەیوەندی دەکات بەو کۆمیسیۆنەی کە دواتـر جاڕنـامەی گەردوونـی مافەکـای مرۆڤـی لێکەوتەوە کە لە دوازدە ئەندام پێک هاتبوو.

ئێلێیانۆر ڕۆزفێڵت خێزانی سەرۆک رۆسفێڵتله ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کرد، فێمینیستێکی چالاک، سەرۆکی کۆمیسیۆنی: پێن شون شانگ (بۆ چین دو چانگ کەی چێک و نان دو پاۆ)، جێگری سەرۆکەکەی، ئەم درامانووس و فەیلەسوفە رایگەیاند کە جاڕنامەکە نابێت تەنها لە ژێر کاریگەری بیری رۆژئاوادا بێت: شارلس حەبیب مەلیک (لوبنان)، ڕاپۆرتنوسی کۆمیسیۆن، کە زۆرجار بە((هێزی ماتۆڕی)) دەناسرا، لەگەڵ ئێلێیانۆر ڕۆزفێڵت: رێنێ کاسان (فەرەنسا) دادوەر و دیپلۆمات و سەرۆکی کۆمیسیۆنی راوێژکاری مافەکانی مرۆڤ لە نزیک (کێ دو ئۆرسای)، ئەرکی داڕشتنی چەندین مادەی پێسپێردرابوو، هەروەها ئاگاداربوون لە بارودۆخی چەند دەوڵەتێک لەوانەش فەرەنسا کە سەرەوری کۆڵنیالی کەوتبووە مەترسییەوە بەهۆی ئەم جاڕنامەیەوە، کە ئەمەش بیرۆکەیەکی سەختگیر و خۆتێهەڵقورتێنەرانەی هەبوو لە لەسەر مافەکانی مرۆڤ؛ جۆن پیتەرس هۆمپێری(کەنەدا)، پارێزەر، دیپلۆماتکار، یاریدەدەری لۆژییە، بەشی یەکەمی نووسی کە لە ٤٠٠ لاپەرە پێکهاتبوو: لەکۆتایدا ستێفان هێسێل (فەرەنسا) گەنجترینیان، بەناوی سەرۆکی کابینەی لۆژییە، لێرەدا سکرتێری

سێیەمین کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی، مرۆیی و کولتووری بوو. دەتوانین بە ڕوانـــین لەم پێکهاتـــانە ئەوە بڵێـــین کە بیـــری فەرەنسای ئازاد و پرۆگرامە سیاسییەکە چۆن باڵی کێشـــابوو بەرســـەر ئەم کومێســـیۆنەدا. لە ١٠ ی کـــانونی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە لە کۆشـکی شـایلۆت لە پـاریس دەنـگ لەســەر جاڕنـامەکەدرا. بەهـۆی زۆربـوونی کارمەنـدەوە، کە زۆربەیـان ئـارەزووی وەرگرتنـی ئەو پۆســتانەیان دەکـرد کە پڕســوود بــوو((لایەن ئایـدیالییەکە پشـتگوێخرابوو)) کە ئەمـیش سـتێفان هێسێڵ لە ناو یاداشتەکانی خۆیدا ئاماژەی پێدەکات، بـۆیە نەتەوە یەکگرتووەکـان جێـدەهێڵێت. لەســەر داوای وەزیـری دەرەوە، دەبێـتە نـوێنەری فەرەنسـا لەنـــاو دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانـــدا ئـــەویش بـــە شـــــێوەیەکی کـــــاتی لە نیـــــۆرک و نەتەوە یەکگرتووەکاندا. لە کاتی شـەڕی جەزائیـردا، لەپێنـاو سـەربەخۆی جەزائیـردا خـەبات دەکـات . لە ١٩٧٧دا بە هاوبەشـــی ســـکرتێری گشـــتی ئێلیـــزێ، کلـــۆد برۆســۆلێت، کـوڕی بیـیەر سـەرۆکی پێشـوتری BCRA، پێشـــــنیاری پۆســـــتی بـــــاڵویز لە نەتەوەیەکگرتووەکـــان لە ژنێڤیـــای بۆدەکرێـــت لە لایەن سـەرۆک ڤـالێری ژیسـکارد دیسـتێنگ. ئەوە

ناشـــاریتەوە کە لە هەمـــوو پیاوێـــک لە دەوڵەتـــی فەرەنسـیدا، ئەم بـوو کە زیـاتر هەسـتی بە نزیکـی دەکرد لە  پییەر مێندێس فرەنس، کە لە لەندەن لە سـەردەمی فەرەنسـای ئـازاد ناسـرابوو، پاشـان لە سـاڵی ١٩٤٦ چـــووە نەتەوە یەکگرتووەکـــان لە نیـۆرک، کە ئەمەو کۆتـایی نـوێنەری فەرەنسـابوو لەنـاو ئەنجـومەنی ئـابووریو کـۆمەڵایەتی. خـۆی وەکو دیپلۆماتکار تەرخاندەکات بۆ ((چاکسـازی لە نێـو حکـومەتی فەرەنسـا کە بەگەیشـتنی فرانسـوا میتێـران دەسـتی پێکـرا))لە سـاڵی ١٩٨١دا. ((ئەم چاکسـازییە ئەوی لە دیپلۆماتکـارێکی تـاڕادەیەک پیشـەیی لە هەمـاهەنگی هەمەلایەنە کە دووسـاڵی مابوو خانەنشین بکرێت کرد بە باڵوێزی فەرەنسا.)) بووە ئەندامی پارتی سۆسیالیست. ((بەخـۆم دەڵێم بـۆچی؟ وەڵامـی یەکەم: شـۆکەکەی سـاڵی ١٩٩٥. نـاتوانم ئەوە بێـنمە پـێش چـاوی خـۆم کە چـۆن فەرەنسـییە تـاڕادەیەک ناهۆشـیارەکان جـاک شیراکیان کرد بە سەرۆک.)) پاسپۆرتێکی دیپلۆماتی ئامـادەکرد و لەگەڵ ژنە تـازەکەی لە ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ سـەردانی کەرتـی غەزەیـانکرد، لەگەڕانەوەیدا بـووە شـایەتحاڵی ئـازارو مەینەتیەکانی خەڵکی غەززە. لە هەمـان سـەردەمدا ئامـاژە بەوە دەکـات ((هەمیشـە خۆم لەبەرەی دژدا دەبینییەوە)).

**پاشکۆی خاوەن دەزگای وەشاندنی کتێبەکەی هەسێڵ**

**بەسەرهاتە ئەفسووناوییەکەی کتێبی "ڕاپەڕن"!**

لە جەژنێکی نۆئێلی ناوازەی ٢٠١٠ دا بوو کە کتێبێک لە سەر مێزی دیارییەکانی کریسمس دانرا. فرمانێک لە شێوازی دانانی رونان کرابوو: ڕاپەڕن!

ساڵێک پێش ئەوە لە ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ دا لە ڕۆژێکی ساردی دوادواییەکانی پاییزدا سێلڤی کرۆسمانی بەڕێوەبەری دەزگای وەشاندنەکەمان، زەنگی دەرگای ئاپارتمانێکی ئاسایی پاریسی چواردەیەمی لێدا بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆیەک لە سەر "ئەرکی تووڕەیی"دا لەگەڵ پیاوێکی ٩٣ ساڵەی بە تەمەنی بە ویقار کە هێشتا دەیتوانی بەبێ ئەوەی بناسرێتەوە لە شەقامەکانی پاریس و ڕێن و تولوز و مادرید و تورێنتۆ... پیاسە بکات.

لە راستیدا دەبێت هێشتا کەمێک زیاتر بگەڕێینە دواوەوە، بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ بۆ ئەو نانی نیوەڕۆیەی کە لە فیستیڤاڵی موان ـ سارتو لە نێوان کانو گارس لە سەر ئەرکو بەڕێوەبردنی ماری لویس سازکرا، میوانییەک لێوانلێو لە پێکەنین و شادی.

ئەو رۆژە جۆن بێرگێری نووسەری ئینگلیز کە meanwhileی گوازابوویەوە بۆ ئاوت ـ ساڤوا، پێشکەش کردین، ئەو کتێبە سوورە بچووکەی کە بڕیار بوو بە فەرەنسی بڵاوبکرێتەوە. ئەم دیارییەی جۆن بێرگێر بووە هۆی لەدایکبوونی یەکەم بەرهەم ـ کە کاردانەوەیە لە سەر فاشیزمی ئابووری ـ لە یەکەم زنجیرە کتێبەکانی «ئەوانەی بەپێچەوانەی ئاراستەی با هەنگاو دەنێن» کە ئەمە خۆی وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی «omaha»ی هیندییە سوورەکان.

ئەم ناوە پێشنیاری هاوڕێی نووسەرمان رۆژێر گێری بوو کە ئەم ناوە بە باشی وەرگێڕانی رۆحی ئەم دەزگای وەشاندنەی ئێمەی دەکرد لە سێپتەمبەری ١٩٩٦دا لە پێناو شایەتیدان بۆ مۆدنێرنیتێی تەواوی هونەرەکان و زانین و کۆمەڵگا هەژارەکان. ڕێکخستنی کۆمەڵێک کتێب لە دوو توێی سی و دوو پەڕەدا بە نرخی سێ یۆرۆ بە دروشمی «نرخی حەقیقەت لە نرخی درۆ هەرزانترە».

هەڵبەت کتێبی ڕاپەڕن! یەکەم دارشتنەوەی دەگەڕایەوە بۆ کاتی نمایشکردنی فیلمەکەی ژیل

پیریت واتە «ڤۆلتێر، گەڕانەوە بۆ بەرگری[1]» کە شتێک بوو لە پێناو ڕێزگرتن بۆ ڤاڵتەر باسمان. سێکانسێکی ئەم فیلمە سەرنجی ئێمەی بە تەواوەتی ڕاکێشا. لە یەکێک لە گرتەکاندا هێسێل بە بۆینباخەوە بە دەنگێکی بەرز دەڵێت: «بەرگریکردن بریتییە لە ڕەتکردنەوەی قبوڵکردنی ڕیسوایی، واتە شەرعیەتدان بە یاسامەندی و بەردەوامبوون لە تووڕەیی لەو کاتەدا کە ئەو شتانەی کە دەیخەینە ڕوو لەگەڵ ئەو شتانەی کە هەوڵمانداوە لەگەڵ بەهاکانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرگری دا یەکنەگرێتەوە ئەو بەهایانەی کە بەبێ ئەوە ئەم مرۆڤایەتییەمان ترسی لەناچوونی هەیە. »

هەر ئەم پەیامە بەهێزە بوو کە وایکرد سێلڤی لە زەنگی دەرگاکەی ستێفان هێسێڵ بدات بۆ ئامادەکردنی کتێبێکی بچووک لە سەر بنەمای ئەم گوتارە لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنێکدا. یەکەم چاوپێکەوتن لە ١٩ی نۆڤەمبەردا بوو ئەو دوانەی تریش بە هاوبەشی و ئامادەیی لەگەڵ ژان پیەر

[1] walter retour en résistance

بـارو، یەکێـک لە دامەزرێنەرانـی خـانەی وەشـاندنی indigéne لە ١٢ی جەنــوەرییەوە تــاوەکوو ٣ی فێبریــەی ٢٠١٠ بەڕێوەچــوو. هەمــوو جارێـک ئەو هەســتەمان لە لا دروســت دەبــوو کە خەریکــین ئەزمــوونی ژیانێـک دەکەیـن کە تەرخـانکراوە بـۆ هـاوڵاتی بەرگـری. وەڵامەکـانی ئەم کەسـە گەورەیە بــۆ پرســیارەکانی ئـێمە وێنــای تێهەڵکێشــی ئەو نووســینانەی لە ســەر بەرپرســیاریەتی و نــا - تونــدوتیژی و میراتــی کــۆمەڵایەتی و سیاســی بەرگــری‌و جاڕنــامەی جیهــانی مافەکــانی مرۆڤــی دەنەخشاند. هەستمان دەکرد کە خەریکین هێڵێکی پەیـــوەنی لە نێـــوان بەرگـــری لە مێـــژوودا و بەرگرییەکـانی ئەمـڕۆ دروسـت دەکەیـن، هاوکـات ســەرقاڵی دروســتکردنی پەیوەنــدییەکین لە نێــوان خەبــاتە ناوەکییەکــانی ئەم مرۆڤــایەتییە هەژار و نـاوچییە بە تـایبەت شـێوازی هێسـێڵ ئـێمە بیـری کەسێکی بودایی دەخستەوە.

پاشان دەبوو بە پێی ئامۆژگارییەکانی ئەو چەند وتەیەکمـان لە بەرنـامە سیاسـییەکانی بـزووتنەوەی بەرگری و دەقی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە خۆی تێیدا بەشدار بوو و چەند وتەیەکی سـارتەر

ئەو **فەیلەسووفی بەرپرسیاریەتییە** بهێنینەوە کە ژان پیەر خۆی و هاوڕێکانی لە چەپی پرۆلیتاری لەساڵی ١٩٧٠دا لە تەنیشت ئەودا خەباتیان کردبوو، سارتەرێک کە ئەمڕۆ کەوتووەتەوە نێو بەرزەخەوە.

ئێمە وریابووین ئەو دەربڕینە "خۆمانی و هاوڕێیانە" باوەی دیمانەکەمان لەگەڵ ڕێژی دێباری لە کاتی کۆکردنەوەی بابەتەکە کە لەو ساتەدا دەبووە بەشێک لەو سێ بەشە سەرکەوتووەی خۆی بپارێزین: «دادپەروەری مرۆیی و هەلەمووورجێکی شێواو کە لەوێدا هەموو کەسە سیاسییە بەرچاوەکان تووشی دەبن یان شیاویەتی خۆیان بۆ بڕواپێکراوی لە دەست دەدەن».

هەڵبەت ناونیشانە یەکلاکەرەوەکە: "ڕاپەڕن"! یەکەمجار لە زاری سێلڤییەوە دەرچوو. دەقە ئامادەکراوەکانم ناردەوە بۆ ستێفان هێسێڵ تا بیخوێنێتەوە، پاش چەند رۆژێک بۆی ناردینەوە کە هەندێک هەڵەچنی لە دەستنووسەکەشدا کردبوو. دواتر نووسەر بە دەربڕینێکی فێڵبازانەوە بە تەلەفوون پێی وتین «هەر ئەم ناونیشانە نوێییە باشە!».

دەبێت پاییزی ساڵی ٢٠١٠ وە بیر بهێنینەوە کە باران بێ چرکەیەک وەستان بە سەر فرەنسا دا دەباری، لەو کاتەدا کتێبەبچووکە رەنگ قاوەییە کاڵەکە بە تیراژی ٨٠٠٠ دانەوە کەوتە سەر ڕەفە و مێزی کتێبفرۆشییەکان.

رۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر بوو. کرێکارەکان سەریان نەوی کردبوو. بانکەکان پاش قەیرانەکەی ٢٠٠٨، توانای خۆیان بە دەست هێنایەوەو دەسەڵاتی دارایی زاڵبوو بەسەر ژیانی خەڵکیدا. لە مەغریبدا بن عەلی زیاتر زوڵمی بەسەر تونسدا دەکرد، هەروەها موبارەکیش بەسەر میسردا. رۆژئاوا چاوی بڕیبووە قەزافی، بە تایبەت ئەوانەی کە هەر بە خێرایی لەگەڵیدا کەوتە جەنگ.. بە کورتییەکەی هەموو شتێک بەرەو باشی دەچوو.

لەو بەیانییەی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە واتە لە ٢١ی ئۆکتۆبەر، چەند شتێکی سەیر روویاندا. فێردریک تادی پێشەشکاری بەرنامەی بەناوبانگی کولتووری "ئەم ئێوارەیە یان هیچ کاتێک" داوای لە نووسەری "ڕاپەڕن!" کرد بەشداری لە بەرنامەکەی بکات سەبارەت بە شۆڕشی گەنجان.

هەر لەو کاتەی کە ئۆلیڤیە بیزانسۆنۆ ئەندامی پارتی نوێی دژەکاپیتالیسم لەگەڵ ڤالێری پێکرێسی وەزیری خوێندنی باڵا بە تووڕەییەوە وەکوو لەنگەفرۆش خەریکی دەمەقاڵێ بوون ستێفان گوڕی لێخواردنەوەو وتی: «ڕاوەستن ئەوەندە پلار مەگرنە یەک!» لەم دەربڕینە لەسەرخۆ و گاڵتەئامێزە شتێک هەبوو کە لەو زستانە ساردەدا دەری دەخست قسەی شاعیرانەش دەتوانێت ڕۆڵی خۆی هەبێت.

لە رۆژی یەکی نۆڤەمبەر، لە بەرنامەی کلێر سێرڤاژێنی رادیۆی فرانس ئەنتێر، ستێفان هێسێل شیعرێکی گیۆم ئاپۆلینەری هەر بەم ناونیشانە خوێندەوە: «هۆ! پاییز، پائیز هاوین دەکوژێت و لە نێو تەمێکی پاییزیدا دوو تارمایی سەری خۆیان هەڵدەگرن» هەموان دەتوانن گریمانی ئەوە بکەن کە ئەم دوو تارماییە یەکێکیان خۆیەتی و ئەوی تریش ئێمەین.

فرۆشی کتێبەکە ئەم پەیامە برایەتییەی دووپاتدەکردەوە. لە باشوور بە تایبەت لە ژێر کاریگەری زنجیرە کتێب فرۆشییە سەربەخۆکان زۆر بەخێرایی فرۆشرا. لە فەرەنسا ٤٠٠

کتێبفرۆشی سەربەخۆ بوونی هەیە کە زۆربەی کتێب فرۆشییە گەورەکان سەر بەم کتێب فرۆشیانەن. ئەوان زۆر بە خێرایی لەوە تێدەگەن کە ئەم کتێبە دەتوانێت یەکێک بێت لەو کەرەستانەی کە دەتوانن دژ بە مۆنۆپۆلکردنی بڵاوکردنەوەی کتێب پێی بجەنگن. ئەوان بەردەوام داوای ئەم کتێبە دەکەن و کەسی وایان هەیە وەکوو ژان ماری سوستێر لە شاری مۆنپلێیە کە یەکێک لە خاوەنی ئەم کتێبفرۆشییانە پیرۆزبایی ئەوە دەکات کە: «لە ماوەی ژیانی چل ساڵیم لە پیشەی کتێب فرۆشی، تا ئێستا دیاردەیەکی وەهام نەدیوە!»

سەرەڕای بۆڵەبۆڵ و نیگەرانی دەزگاکانی وەشاندن کە لە پاریسەوە ئێمەیان بەوە تاوانبار دەکرد کە بە فرۆشێکی وا سەرکەوتوو بە نرخی ٣ یۆرۆ زیانمان لە دەزگاکانی وەشاندن داوە، بە پێچەوانەوە، کتێبفرۆشەکان پیرۆزبایی ئەوەیان لێدەکردن کە توانیویانە لانیکەم ئەو خوێنەرانە بگەڕێنەوە کە چیتر سەردانی کتێب فرۆشیەکانیانی نەدەکرد.

ناوچەکانی لاکدوگ و تولوز بە حوکمی میراتی خۆیان بۆ سەدەکانی ناوەڕاستو ئنجا کۆماریخوازی کەوتنە جووڵە. ناوچەی برۆتانی رەخنەگر، خۆی پەیوەست کرد بەم ڕەوتەوە. پاریس لە غیاب دایە، باکوور هێشتا دوودڵە، و رۆژهەڵاتیش بە ساردی ماوەتەوە.

لە سەرەتای مانگی یەک لە سەرووبەندی پیرۆزبایی ساڵی نویَ لە فرەنسا، فرانسوا فیۆنی سەرۆک وەزیران، بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «دەبینم دیبەیتێک سەبارەت بە تووڕەبوون و ڕاپەڕین لە دەورووبەری ئێمە دروست بووە. لە راستیدا هیچ شتێک بە ئەندازەی هەستی گوێنەدان و بێزاری نزیک نییە لەگەڵ رۆحی فرەنسییەکاندا بەڵام تووڕبوون لە پێناو تووڕەبووندا ناتوانێت مۆدێلێکی بیرکردنەوە بێت»، ئەم دژایەتییە شتێکی گشتگیر بوو. کەسانێکیش هەن کە دەیانەوێت ئەم هەستە نیگەرانییە بگوازنەوە. نابینین، نابینین کە ئەم پەیامە گەورەیەی ئەم کتێبە بچووکە بریتییە لە گەشەکردنی نا ـ توندوتیژی لە رۆژئاوادا. کەسانێک هەن نکۆڵی لەوە دەکەن کە ستێفان هێسێل لە ژێر ناوی "ناکاراییی"دا تیرۆریسم مەحکوم بکات، چونکە

هەر توندوتیژییەک دەبێتە هۆی لە دایکبوونی توندوتیژی تر.

ڕێک لە سەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەشە نەک لەسەر بنەمای عاتیفی ـ ناوەکەی تری نا ـ توندوتیژی بە پێی بووچوونی گاندی ـ کە ئەم ئەندامی بەرگرییە پشت لە تیرۆریسم دەکات بەڵام لە هەمانکاتدا بوێری ئەوەی هەیە ڕاییگەیەنێت کە «دەکرێت لە تیرۆریسم تێبگەین».

لە ناوەڕاستی مانگی یەکدا ئاستی فرۆشی ئەم کتێبە گەیشتە تەقینەوە. پاش دوو مانگ لە بڵاوبوونەوەی یەک ملیۆن دانەی لێفرۆشرا کە ئەمەش فرۆشی کتێبە چیرۆکەکەی « Black et mortimer» تێدەپەڕێنێت. فرۆشگا گەورەکان لە کاتی درەنگ ناردنی کتێبەکە بۆیان، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کتێبەکانی ئێمە بەوە تاوانبار دەکەن کە ڕێگری لە فرۆشتنی کتێبەکە دەکەن، ئەویش "هارمونیا موندی"یە لە ناوچەی ئارل، کە بنکەیەکی سەربەخۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی هەیە و مێردەکەی بێرنارد کە لە ماوەی پێشوودا مرد، یەکێک بوو لەوانەی لە سالانی دەیەی ١٩٦٠ دا بە شێوەیەک چالاک پاڵپشتی لە جەزائیرییەکان دەکرد لە پێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەیان.

بوێری ئەوەمان بە خۆماندا چاپی سیانزەیەمی ئەم کتێبەش بخەینە بەردەست ئەویش بە تیراژی شەسەد هەزار دانە! لە بارسلۆنا، چاپخانەدارە بە وەفاکەمان واتە ڤیکتۆر ئارنۆ کە سەر بە بنەماڵەیەکی کۆماریخوازە، شەو و ڕۆژ ئیش دەکاتو کتێبەکان بە کامیۆنی کرێ دەنێرێت بۆ فرەنسا. لە کاتێکدا کاغەزی ٩٠ گرامی لە ئیسپانیا زۆر دەگمەنە.

کاردانەوەی خوێنەرەکانمان بە شێوەیەکە کە پەیامەکانیان لە ئیمەیلەکانمان جێگای نابێتەوە و بەردەوام پۆستمان پێدەگات کە خوێنەرەکانمان چەکی پارەی سپیمان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کتێبەکە لە کاتی گەیشتن بە کتێبفرۆشییەکە دەستیان دەکەوێت: «هاوڕێیان، چیتر ناتوانین ببینە خاوەنی کتێبی "ڕاپەڕن"!».

شارەوانییەکان - شارەوانی: فرونتیان، مارتیگوس، کرواس، بواسی - سەن - لیژێ .. - بە سەدان نوسخەی داوا کردووە تاوەکوو لە کاتی جەژندا وەکوو دیاری پێشکەش بە کارمەندەکانیان بکەن. ئنجا پیاوە ئاینییە کرێکارەکان، داکۆکیکەرانی دەنگی سپی، سەندیکاکانی CGT,CGC, CFTC، و کۆمیتەی کۆمپانیاکان، فرۆشیارێکی بیۆ و ماڵی

پیـــــران دەیانەوێـــــت ئەم کتێـــــبە بکـــــڕن بـــــۆ موشـــتەرییەکانی خۆیـــان. ســـایتی Struthof کە سـەر بە تـاقە کەمپـی نـازییە کە لە خـاکی فرەنسـا نزیک سترازبورگ دروستبووە داوای سـەد نوسـخە لە کتێبەکەی کـردووە. گەنجـەکان بە خۆشـحاڵییەوە بە یەک دەڵێن کە توانیویانە: «سـەرۆکێک لە ئاستی خەونەکانی خۆیاندا بدۆزنەوە«.

پـاولین کە قوتـابییەکی دواناوەنـدی لە Fos-sur- Mer دەنووسـێت: «سـڵاو موسـیۆ هێسـێل، کاتێک بۆ یەکەمجار کتێبی ڕاپەڕن!م خوێندەوە ئێمە لە کۆتایی بزووتنەوەی دژ بە ریفۆرمی سیسـتەمی خانەنشـینیدا بـووین. وەکـوو زۆربەی قوتابییەکـانی تـر لەم جـووڵانەوانەدا گەیشـتبووینە ئەو ئەنجـامەی کە لە پێنـــاو هـــیچدا خەباتمـــان کـــردووە بەڵام کتێـبەکەی تـۆ ئەوەی بـۆم سـەلماند کە مـن هەڵەم کردووە لەم بڕیارە، بە هەر شێوەیەک بێت لانیکەم ئەم کتێبە ڕێگەی ئەوەی بۆ خۆش کـردم کە فێری زۆر شت بم لە سـەر بەرپرسیاریەتی و بەرگری و تەنـانەت لە سـەر خـۆم. بـۆیە دڵنیـا نـیم لەوەی کە دەمتـــوانی هەمـــوو ئەم شـــتانەم بە بـــێ یـــارمەتی کتێبەکە تۆ بزانیبایە».

ئانا راینهۆڵدی تەمەنی بیستو شەش ساڵ کە گۆرانیبێژی ئۆپێرایە دەڵێت: «لە تۆدا هونەرمەندێکی مافەکانی مرۆڤم بەدیکردووە«.

لە هەر دوو مانگی فێبەریە و مارسی ٢٠١١ دا ئەوروپاش مەیلی خۆی پیشان دەدات لە کاتێکدا وا پێشبینی دەکرا کە تەنیا چارەنووسی فرەنسا لە چوارچێوەی ئەم نامیلکەیەدا. هەر لە ژووری هەورەبانەکەمان بوو لە شاری مۆنپلیێیە لە ژێر نیگا شادەکەی ستێفان کە لە هەموو لایەکەوە داوای دیمانەی لێدەکرا، پەرەپێدانی بڵاوکردنەوەی "ڕاپەڕن!" مان لە کیشوەری کۆن خستە روو. بە دەیان داوای وەرگێڕانی ئەم کتێبەمان پێدەگەیشت. ئەویش نەک لە دەزگاکەی خۆمانەوە، بەڵکو زۆبەی ناوەندەکانیتر خوازیاری وەرگرتنی پێدانی ئیمتیازی وەرگێڕان بوون. دەبوو زوو بڕیارمان بدایە چونکە هەستی قووڵی ئێمە ئەوە بوو کە تەقاندنێکی گرووپی دەتوانێت سەرکەوتنی ئەم کتێبە لە ئەوروپادا دەربخات، تەنانەت لە فرەنساش باشتر! بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە وەڵامی نامەکەی سیۆ بوبلیس مان دایەوە کە بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و وەشاندنی پ.د.ژ ئۆلشتاینە، کە گەورەترین

دەزگـای وەشـاندنە لە بەرلـین: «هـاواری ئاگـادار کردنەوەکەت لە کاتێکی باشدا گەیشت».

جگە لەوە ئێمە تەسلیمی هەستی ئەم سێ لاوە ئیتاڵییـە: میشـل و ئیسـتیفانۆ و سـاندێرا دەبـین کە خەریکـین بـنکەی چـاپی ئـاد ئیـدیتۆر لە تـورین دادەمەزرێنن. ئێسـتا ئایـا دەبێت لەگەڵ کۆمپانیـای destino کە لقێکە لە گروپی پلانتا کە گەورەترین گروپـی وەشـاندنە لە ئیسـپانیا پەیوەنـدی دروسـت بکەیـن؟ ڤیکتـۆری چاپخانەدارمـان لە بارسـلۆنا وەڵامەکەی بۆ ئەم شـتە "بەڵـێ"یە! رامۆن پیرلۆ بۆ وەرگێڕانـی ئەم کتێبە بـۆ زمانەکـانی کاسـتیلان و کاتـالان دێـتە نێـو ئەم سـەمایەوە، دواتـر وەرگێـڕانەکەی بـۆ زمانەکـانی باسـک و گالیسـی و زمـانی ڤالانسـیەن لە لایەن چەنـد دەزگـایەکی وەشاندنی هاوئاستی خۆمـان دەستپێدەکات. جۆرج پانتیسۆنی خـاوەن دەزگـای وەشـاندنی پاتـاکیس کە یەکێکە لە گەورە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئەسینا، کاتێک لە ئێوارانێکی درەنگی رۆژی هەینـی لە پـاریس گوێبیسـتی ئەوە دەبێـت کە ئەو ڕاسـپێردراوە بـۆ چـاپە یۆنـانییەکەو وەرگێڕانـی، هەناسەیەکی ئارام هەڵدەمژێت.

تــاڕادەیەک هەمــوو ئەورووپــا بڵاوکــردنەوەی وەرگێڕانــی ئەم کتێــبە واژووو دەکەن. ئــێمە داوای هاوکاری لە هاوڕێی وەفادارمان مامۆستا دومینیک دولوس لە پاریس دەکەین. بۆ ئەورووپای باکوور ئارابلا خزمەتگوزارییەکانی خۆی دەخاتە بەردەست و بۆ ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش پاتریسیا.

لە پاریس ستێفان بۆ خۆرزگارکردن لە هێرشی ڕۆژنامەنووســەکان بــاتۆنەکەی خــۆی دەگــرێتە دەســت بــۆ ئەوەی مەشــخەڵی پەیــامەکەی خــۆی بەرەو هــامبۆرگ و بەرلین و مادرید و بارسلۆنا و تــورین و لیســبۆن ببــات....لە هەمــوو شــوێنێکدا سەرنجڕاکێشـــی و شـــەرعیەتی و کـــراوەییەکەی دەردەکەوت. لە ئێوارەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیدا بە ئەڵمانی، ئۆڵشتاین لەسەر واجیهەی تەلارەکانی بەرلیندا بەرگی کتێبەکەی بە ناونیشانی Empört Euch هەڵواســیبوو. لە مەدریــدی ئــازدکراوەوە، ئیسپانیای کۆماری رایدەگەیەنێت ـ بە دەنگی یەکێک لە بەناوبانگترین بێژەرەکانی رادیۆ ـ کە ئەوان لە ســاڵی ١٩٣٩دا چــاوەڕانی "ئەم پەیــامە بــوون لە فرەنساوە". لە ئەستنەنبوڵ دا کە دەرگای ئاسیایە، کە هەر بیریان لای مردووەکانی ئەو کەشتیەیە کە

بەرەو غەزە دەچــــوو، بە دەنگــــی پەیـــامنێرەکەی ڕۆژنامەی "جمهوریەت" واتە ڕۆژنامە نەتەوەییەکان ڕایدەگەینن کە "دڵی تورکان هاوکات " لەگەڵ " ئەو تووڕەبــوون و هەڵچوونــانەی کە بــۆ بــارودۆخی فەلەســەتین و بانـدی غەزە و نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـدا دروستبووە" لێدەدات.

لە مانگەکـانی ئابریـل و مەی و ژوان، ئەم کتێـبە دەبێـتە دیـاردەیەکی جیهـانی. گەنـجە ڤێبلاگنووسـە گەنجەکــان کە بــن عەلــی یــان "دەرکــردووە" ئەم کتێبەیـان کـردووە بە کتێبـی تێکۆشـان بـۆ خۆیـان. کێبێـک و ئوسـترالیا و کۆریـای بـاکوور و ژاپـۆن و ئەمریکای لاتینش هەر کامەیان بە پێی خۆیان ئەم شـــەپۆلی "تووڕەبوونە"یــان پێگەیشـــت. ئەم کتێــبە بچـووکە پـاش ئەوە بـوو بەو شـتەی کە نیکـولاس ئۆفینســـتادی مێژوونــووس لە ڕۆژنــامەی لۆمۆنـد بەمشــێوەیە لە ســەر دەنووســێت: "ئەو شــتەی کە زەمەنـی ئێسـتای لە دەسـتدایە". ئایـدیای ئەوەی کە شـــتێک چێـــژ بە ئـــێمە دەدات لە راســـتیدا ئەوە دەردەخــات کە ئــێمە چیتــر تەنیــا لەگەڵ کتێبکــدا ڕووبەڕوونابینەوە.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا ڕێک ساڵێک دواتر، پاش داکشانێک لە هاویندا، بۆجارێکی تر هەڵکشانێکی باش لە فرۆشتندا دروست دەبێت و ناوەندە بازرگانییەکان دەگەڕێتەوە. دوو ملیۆن نوسخە فرۆشرا. ئێمە دەبێت ئێستا چاپێکی باش و زۆرتر ئامادە بکەین. لە ئیتالیا برلویسکونی کەوتووە. بەهاری عەرەبی لەگەڵ گوشاری دیکتاتۆرەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕابەرەکانی ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان دەدا، دەرکەوتووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە ڕۆشنبیرەکانمان بە شانازییەوە باس لە "جەنگە ئینسان دۆستەکانی"! خۆیان بکەن. ڕۆژی پانزەی نۆڤەمبەر، نوێنەری کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە ئەسینا داوای ئەوەی لە ستێفان هێسێل کرد تاوەکوو بەشداری بکات لە "کەمپینی وشیاری کۆمەڵایەتی کە هەڵگری ئەم پەیامەبوو: بیست ساڵ پێکەوەبوون و بەردەوام دەبین". لە شاری حەمسەوە واتە شاری شەهید لە سوریا ئیمێلێکمان لە گەنجێکی لێکۆڵەر لە بواری زانستی زمانەوانی پێگەیشت کە داوای ئەوەی دەکرد مۆڵەتی ئەوەی پێبدەین ئەم کتێبە وەرگێڕێت کە وەکوو خۆی

نووسیویەتی "دوایین ڕێگا چارە دژ بە بارودخێکی ترسناک". کەسێکیش بە ناوی ڤیکتۆر لە شاری ئۆژگرودی لە ئۆکرانیای رۆژئاوا داوای لێکردووین کە کتێبەکە بە خۆڕایی وەرگێڕێت. ئێمە لە وەڵامی هەموو ئەمانەدا وتومانە بەڵێ بیکەن. تەنانەت لە ژاپۆنی پاش کارەساتە ئەتۆمییەکە، نۆریکا کە ئەندامی دەزگایەکی وەشاندنە لە تۆکیۆ لە دواساتدا دوا لە پێشکییەک لە نووسەرێک دەکات کە "بەرانبەر بە ژاپۆنییەک بڵێت کە تووڕەبوونیان بیرچووەتەوە". لە مۆزەی تەل ئەڤیڤ یش، کۆمیسەرێکی لاو لە پێشانگایەک بە نێوی ئۆری دێسو ڕایدەگەیەنێت کە: "باشترین بەرهەمێکی هونەری کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا بەرهەم هاتبێت ئەو خۆپیشاندانانەیە کە لە ئەنجامی **"ڕاپەڕن"** وە دروست بوون".

نۆڤەمبەر ئەو مانگەیە کە چاوی زریانی تێدا نامێنێت. نیۆیۆرک پایتەختی دارایی جیهانی. تووڕەبووەکانی ئەمریکا لە جەرگەی ڤاڵ ئیستریت هەڵدەستنە سەر پێ بۆ ئەوەی دەنگی "ئەو ٩٩ لە سەدە کە چیتر ناتوانن بەرانبەر بە گەندەڵی ئەو

یەک لە سەدەی تر خۆیان ڕابگرن" بە گوێی هەمووان بگەینن.

بە کورتییەکەی: لە هەموو ئەوروپا بە تایبەت لە فەرەنسا، سێ ملیۆن و نیو نوسخە لە کتێبی "ڕاپەرن" فرۆشراوە. ئەگەر هەموو جیهان هەژمار بکەین ئەوا دەگەینە چوار بۆ پێنج ملیۆن نوسخە. سی و دوو بەڵێننامەمان واژوو کردووە و سی و شەش وڵات لە خۆ دەگرێت چونکە جاری وەها تەنیا یەک بەڵێننامە بۆ نموونە سەبارەت بە زمانی ئیسپانی کۆمەڵێک وڵاتی تریش لە خۆ دەگرێت: وەکوو ئەرجەنتین و شیلی و مەکسیک و ئۆرۆگوای کە دەبێت بن زارەکانی تریشیان بخەینە سەر و لە فەرەنساش بۆ نموونە زمانی کورس حساب بکەین. وەرگێڕانێکیش بۆ زمانی ئێستپرانتۆ کراوە! سەبارەت بە سینەماش تۆنی گالتیفی دەرهێنەری رۆمی - بەربەری چەند ڤێرژنێکی دۆکۆمێنتاری و خەیاڵی سەبارەت وەکوو شانازی و بە یادی "تووڕەبووەکان" خستووەتە روو.

هێشتا چەند وڵاتێک ماوەتەوە چونکە سەرۆکەکانیان بەرانبەر بەم کتێبە ڕقێکی زۆریان هەیە: رەخنەی ئیسرائیل بەرانبەر بە نووسەرەکەی

چونکە پشتیوانی لە گەلی فەلەستین کردووە، لە روسیا ترسی پوتین لەوەی کە ئەم کتێبە وەکوو پێداگرییەک دژ بە سیستەمی روسی دەزانرێت. لە ولاتانی عەرەبیدا ئەگەر دەزگایەکی وەشاندن هەبێت کە بە دزییەوە و بێ مۆڵەتی ئێمە بیفرۆشێت ئەوا دەبێت وەرگێرانەکەی بە پاڵپشتی هاورێ سووریەکەمان پشتراست بکرێتەوە و ئەویش بێ گومان کوت و پر لە فەلسەتین یان لە ژێر عەبادا لە ولاتە سەرکوتکراوەکەی خۆیدا بلاودەبێتەوە. ئنجا لەولاشەوە خاوەن دەزگایەکی وەشاندنی چینی کە تەمەنی ٢٣ ساڵە کە بەڵێننامەیەکی بۆ ناردووین و کە هێمای ئەستێرەیەکی سووری لە سەرە، بۆ بلاوبوونەوە لەوێدا واباشترە چاوەرێی "هەلێکی سیاسی باشتر" بکەین.

رۆژنامەنووسەکان بەردەوام پرسیاری ئەوەمان لێدەکەن: کە چۆن دەتوانین ئەم سەرکەوتنەیان بۆ روون بکەینەوە؟

سەرەتا بە دڵنیاییەوە رۆڵی خودی ستیڤانە. ئەو پیاوەی کە سەدەی بیستەمی لە نێو زاکیرەی خۆیدا هەڵگرتووە، بە تایبەت لەو کاتانەی کە بە چاوی داخراوەوە چەند رستەیەک لە شکسپیر ـ بە زمانی

ئینگلیزی ـ چەند دێڕێک لە ڤۆن پلاتێن و ریلکە و هۆڵدەرلین ـ بە ئەلمانی ـ و ئاپۆلینەر و بۆدلێر و رامبۆ ـ بە فرەنسی ـ لەبەرخۆیەوە دەڵێتەوە.

ئەو قودرەتە ناوازەی ئەو بۆ وردبوونەوەو تێرامان و گوێڕاگرتن لە کەسانی‌تر، هەستێکی هەمیشەیی کە ئەو دەتوانێت لە هەموو ساتێکدا شتێکی نوێ بدرکێنێت و وەڵامی بەرانبەرەکەی بداتەوە. بێ هیچ شەرمێک وەستانەوەی بەرانبەر بەو "خەڵکەی بەرلین" و ئەو هەستە سرووشتییەی بەرانبەر بە ناتوندتیژی، لە هەمانکاتدا ئەو رەهەندە رۆک ستارەی کاتێک لە شاری مۆنپلیە لە فرەنسا بەرانبەر بە نزیکەی هەزار کەس دەستەکانی وەکوو کەسێک پاڵەوانی بۆکسێن کردەوەو و هاواری کرد: "زۆری نەماوە کە من ئیتر لە نێو ئێوەدا نەبم!"هەمووان بە پەوڕی شێتییەوە پێچەوانەی ئەم شتەیان دووبارە کردەوە. بەڵام چۆن دەکرێت کەمتەرخەم بین بەرانبەر بە ئەو توانایەی ئەو لە تێپەڕین لە واقیعەوە بۆ خەیاڵ و لە کاتێکدا واقیع لە ڕێڕەوی خۆی لادەدرێت و ئەو بەرانبەر بە نائۆمێدی تەسلیم نابێت؟ هەر بۆیە ئەو لە ١٣ی فێبەریە ٢٠١١ بیرەوەرییەکی خۆی لە کەمپی دۆرا

بــۆ گێــڕاینەوە: "کاتێــک ئەم دڕەنــدییە دەبینــین، و کاتێک ناچـاربووین جلـوبەرگی تەرمـی مردوویـان لەبەرداکەنین، چیتر لە شیعر زیاتر ناتوانین بـاوەڕ بە هیچ بکەین".

هۆکـــــاری دووەمـــــی ئەم ســـــەرکەوتنە ســەردەمەکەیە. ئەگەر ئەو پەیـامەی ئەو دەکەوێـتە سەرووی درزی نێوان نەوەکان و درزی مێژوو و ئایـــدۆلۆژییەوە ئەوە ســـەردەمەکەی ئـــێمەیە کە پەیوەســـتە بەم شـــتانەوە، ســـەردەمێکی شـــیاو، دەرگایەک کە بەرەو وڵاتانی شاروەردنانی مەعریفە دەکــرێتەوە . «ئەوەی کە رونــاکییە»، بە ڕای هـــاوریٚ تبتیەکانمـــان. ئەوانەی کە توڕەبونیـــان هەڵبـژاردووە، ئەنجـامەکەی گەڕانەوە بـووە بەرەو ئـاوەز. ئەم بـزوتنەوە جیهـانییە مـۆرکێکی تایبەتیـان هەیە: توڕەبووەکـــان دەخـــوێننەوە! لە مەیـــدانی Puerta del Sol ، لەژێر خێمەیەکدا کتێبخـانەیەک بنیات دەنێن کە پڕە لە پەرتـوکی هـونەری. ئەوانەی لە لە ئینگلـتەرادان، لۆگۆیـەک لە خۆیـان دەدەن کە وێـنەی پەرتـوکێکی لەسـەرە. کتێـب چەکە، «نەک وتاری رۆژنامەیەک»، ئێمە قەناعەتمان پێی هەیە و

پێشنیار دەکەین کە نرخەکەی ٣ € بێت، پێشمان وایە نرخێکی گونجاوەو ناتوانرێ مۆنۆپۆل بکرێت.

٢٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١١، لەنێو ئەو قاعە گەرم کۆنەدا هەمووشت دەستی پێکرد، لەگەڵ کریستیان، خێزانەکەی، یادی ١ساڵەی پەرتوکی (ڕاپەرن) و ٩٤ ساڵەی ستێفانمان کردەوە. دەستە خاکییەکەی کە دەیهێنا بەسەر لێواری کوسییەکەدا وا هەستت دەکرد کە دەیەوێت دەستێکی تر بگرێت، جا خەیاڵی بێ یاخود نا، نووسەری دیاردەیەکە پێکەنی:«ئەوەی لەگەڵ ئەم پەرتوکە بچوکەدا کردمان زۆر سەرنج ڕاکێشبوو!» ڕوانگەکانی وای لێکردین کە بیر لەو قسە نەستەقەی فەیلەسوفی یۆنانی(هێراکلیتس) بکەینەوە: «ئەگەر هیوا خواز نەبی، هەرگیز بێ هیوا نابیت!». بەڵام ئێمە بیر لە پاش ئەوە دەکەینەوە، ئەویش ١٥ ئۆگەست بوو لە شاری تولوز، کاتێک چاوپێکەوتنێکمان ڕێکخست لە نێوان(دەلای لاما) سەرکردەی گەورەی بەرگری نێوخۆیی و پەیامبەری ناتوندوتیژی بۆ ڕۆژئاوا: دیالۆگێک لە نێوان سەرۆکی تبتییەکان و ستێفان هێسێڵ، دوو چاوپێکەوتن لە پڕاگ تۆمارکران لە دیسەمبەردا کە هەناسەی تورەبووەکانی جیهان

بــووە هەوێنــی بنیاتنــانی جارنــامەی گەردوونــی مافەکانی مرۆڤ.

پەرتــوکەکە لە خــانەی وەشــانی (Indigene) دەرکەوت.هاورێیان،  ژوەن، لە بەهاری ٢٠١٢!

**سیلڤی کروسمان و جان پییەر بارو، خاوەنی دەزگای وەشاندن**